گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/tc24ms25

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 18/07/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 28/09/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# ڕەوشی خوێندنی فەرمی لە شاری ڕانیە 1991-2003(لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە)

**سۆران حسین مستەفا [١] - دارا تۆفیق کاکە امین[٢]**

soranhussen6@gmail.com daratofiyq@uor.edu.krd

[2+1]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

بونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە کوردستاندا ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵیان هەیە، لەبەرئەوەی خوێندن سیستەمێکی تایبەتە لە سیستەمەکانی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە هۆکارە بۆ بەرەو پێشخستنی کۆمەڵگە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتو، لەو سیستەمەدا قوتابخانە بە یەکێک لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی خوێندن دادەندرێت، هەروەک مامۆستا کاریگەری سەرەکی بە سەر پرۆسەکەوە هەیە کە ئامانجی پێگەیاندنی قوتابییە لە پێناو پێگەیاندنی ڕۆڵەیەکی ڕوناکبیر و پەرەسەندنی ڕەوتی ڕوناکبیری، بۆیە وێناکردنی ڕاستی ڕەوشی خوێندن لە ڕانیە گوزارشتە لە ڕەوشی فێرکاری سەردەمێکی گرنگی مێژویی ئەم شارە.

لەبەرئەوەی پەروەردە یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی کلتورو بەرهەمهێنەری جۆرێک لە کلتوریشە، هەر لەبەرئەوەشە، بایەخێکی زۆر گرنگی بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێک لە جیهانبینی لای مرۆڤەکان هەیە، کە لە سۆنگەیەوە ئامادەکردنیانە بۆ ژیانێکی سەرکەوتو، ئەم توێژینەوەیە ئامانجییەتی وێنای ڕەوشی خوێندنی فەرمی لە شاری ڕانیە بکات ئایا لە بارێکی خراپ و پاشەکشێدا بوە یان لە گەشەسەندنێکی بەردەوام دابوە، لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکە هەوڵەکانی ڕێکخراوە بیانییەکان و بڕیاری (٩٨٦) بەرز دەنرخێنێت لە کاریگەریان لەسەر بواری خوێندن لە ڕانیە، کە هۆکاری نوێکردنەوەی سەرخانی پرۆسەی پەروەردەیی بون لەو سەردەمەدا.

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی شیکاری مێژویی بەستوە، بۆ شیکردنەوەی ئەو بارودۆخەی پەروەردە تێیدا بوە، بە ئامانجی دەرخستنی لایەنە باش و خراپەکانی ڕەوشی خوێندن و ئەو ئاستەنگانەی کە زیانی بەو لایەنە گەیاندوە، کە دۆخێکی پڕ لە کۆسپ و کەموکورتی بوە، ئەمەش وەک دەرەنجامی توێژینەوەکە لێکدراوەتەوە، بۆ ئەو مەبەستە ئەم توێژینەوەیە لە چوار باسی سەرەکیدا شیکردنەوەی بۆ خوێندنی فەرمی و کێشەکانی لە شاری ڕانیە لە دوای ڕاپەڕین کردوە.

**کلیلە وشە:** خوێندنی فەرمی، قوتابی، مامۆستا، ڕێکخراوەکان، کێشە پەروەردەییەکان.

# The State of Formal Education in the City of Ranya, 1991–2003
# (A Historical Study)

**Soran Hussein Mustafa[1] - Dara Tawfeeq Kaka Amin[2]**

[1+2]Department of History, College of Humanities,University of Raparin,Ranya,Kurdistan Region,Iraq.

## Abstract:

Educational institutions in the Kurdistan Region have deep historical roots, since education is a special system within the frameworks of social interaction and it is a social institution, serving as a driver for advancing society to a more developed stage. In this system, the school is considered one of the main pillars of education, while the teacher has a central influence on the process, with the aim of preparing students to take on constructive roles and promote enlightenment. Therefore, presenting a realistic picture of the educational situation in Ranya reflects the pedagogical condition of an important historical period in this city.

Since education is one of the essential elements of culture, and also a producer of a type of culture, it holds significant importance in shaping a worldview among individuals that prepares them for a successful life. From this perspective, the aim of this study is to portray the general state of education in the city of Ranya—whether it was in decline and regression, or in a state of ongoing development. Accordingly, the research evaluates the efforts of international organizations and Resolution (986) in terms of their impact on the field of education in Ranya, which contributed to revitalizing the educational process during that period.

This study relies on the historical-descriptive method to analyze the educational context of the time, with the purpose of highlighting both the strengths and weaknesses of the educational situation, as well as the obstacles that negatively affected it, resulting in a condition full of shortcomings and limitations. Based on this, the study is structured into five main sections that examine the educational conditions and challenges in Ranya after the uprising.

**Keywords:** Formal Education, Students, Teachers, Organizations, Educational Challenges

## پێشەکی:

پەروەردە و فێرکردن پرۆسەیەکی دور و درێژی ناو ژیانی کۆمەڵگەی مرۆییە، کە لە دێرزەمانەوە کۆمەڵگاکان درکیان بەوە کردوە سەرچاوەی لەدایکبونی مرۆڤی باش پەروەردەیە، تاکە سەرچاوەی گەیشتن بەژیانی باشیش دواجار هەر پەروەردەیە، هەر لەم سۆنگەیەوە قوتابخانە دەبێت بە ماڵی بەرهەمهێنانی مرۆڤی باش و هۆشیار، ئەم پرۆسەیە لە کوردستان بە بەراورد بە گەلە پێشکەوتوەکان درەنگتر هاتە ناو لێپسراویەتیەکانی حکومەت بەرامبەر  بە پەروەردە.

لە ڕاستیشدا قۆناغەکانی ژیانی پەروەردەیی لە کوردستان بەهۆکارە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان قۆناغی جیاوازی بڕیوە، بە تایبەت ڕوداوە سیاسییەکانی کە دەرکەوتە و لێکەوتەی جیاوازی دۆخی پەروەردەیی هێناوەتە ئارا، کە لە زۆربەی جارەکاندا ئەم کەرتە بەرەو کشانەوە و هەندێ جاریش لە دۆخی وەستاویدا ماوەتەوە، لەبەرئەوەی کەرتی

پەروەردە لە دەرەوەی ڕوداوەکاندا نەژیاوە، بەڵکو لەناو جەرگەی ڕوداوەکاندا بوە و بەرکەوت و هەڵکشان و داکشانی زۆری ڕوداوە هەمەلایەنەکانی دەوروبەر بەرزونزمییان بەم کەرتە کردوە و هەژاندویانە.

جەنگی عێراق- ئێران(١٩٨٠-١٩٨٨) و پاش ئەوەی لە ساڵی(١٩٨٨) پرۆسەی ئەنفال ئەنجامدرا بەعس لەو ڕێگەیەوە خەریکی بنکۆڵکردنی ژیان و ژیاری مرۆڤی کورد بوە، پاشان شەڕی کوێت لە ساڵی (١٩٩٠) ئەنجامدرا، سەرەڕای گەمارۆی ئابوریش، ئەمانە هەمویان وێرانکار بون بۆ کەرتی پەروەردە لە عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی.لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١) و ئەو گەمارۆ ئابورییەش وەک پەرچەکرداری ئەم ڕاپەڕینە حکومەتی عێراقی خستییە سەر کوردستان، ئەمەش کاریگەری زۆری خستە سەر پرۆسەی پەروەردە.

دۆخی پەروەردە لە دوای ڕاپەڕین پڕ زەحمەت بو، ڕانیەش وەک شارێکی ناو ئەم دۆخە سیاسییەی کوردستان لەناو گێژەنی ئەو نەهەمەتیانەی ئەو سەردەمی کوردستان دەیناڵاند، کێشەکان زۆر بون، نەبونی کەرەستەکانی فێرکاری نەبونی موچە، کەمی بینای قوتابخانەکان بە بەراورد بە لێشاوی زۆری قوتابییەکان، ئەمە و ئەو ڕەشبینیە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە کە گرانییەکە لەگەڵ خۆی هێنابوی، لێرەوە قوتابی لەناو کۆڵێک نەداری لەم شارە پێی دەنایە قوتابخانەیەکی بێ کەرەستەی پەروەردەیی، دیواری پۆلەکان لەبەر مانەوەی ئاوارەکان تێیدا لە کۆڕەوەکە پیس ببون، ئەمە جگە لە خراپی دۆخی مامۆستاکان لەبەر کەمی مۆچەکانیان لەو سەردەمە، ئەمانەش سەرەتایەکی باش نەبون بۆ ژیانی پەروەردەیی لەم شارە، ئەم کەموکورتییانە تا سەرەتای دوهەزارەکان بەردەوام بو، ئەگەرچی هەوڵی ڕێکخراوە بیانییەکان وبڕیاری(٩٨٦)ڕۆڵی گرینگیان گێڕا لە بەردەوامی پرۆسەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی پەروەردە لەم شارە بۆ ئەو ماوە مێژوییە لەبەردەم کێشەی زۆردا بو.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بۆ بایەخی پەروەردە لە بناغەی بنیادنانی ژیانی ڕۆشنبیری بۆ ئەم شارە دەگەڕێتەوە، کە چ کاریگەرییەکی بینیوە بە سەر دنیابینی مرۆڤەکان بە باش یان بە خراپ، بۆیە کەرتی پەروەردە بەرپرسە لە دروستکردنی مرۆڤ لەبارە پێشکەوتنەکەی، ئەمە جگە لەوەی ئەم بابەتە کەم قسەی لەسەر کراوەو ئەم ماوە مێژوییە لەباری پەروەردە لە ڕانیە ئاوڕی کەمی لێدراوەتەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی بارودۆخی پەروەردەیە لەم شارە لەو ماوە مێژوییەدا، ئاسەنگەکان و خاڵەگەش و ئەو کەم و کورتییانەش کە زیانی بەم کەرتە لەم شارە گەیاندوە.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە شیکاری مێژوییە، بەشیکردنەوەی ئەم دۆخە پەروەردەیییەی ئەم شارە تێیدا ژیاوە، کاریگەری شەڕی ناوخۆ و گرانییەکەو لێکەوتەکانی بە سەر پەروەردەوە، گێڕانەوەی ئەو بارودۆخەی پەروەردە لە دوای ساڵی(١٩٩١) توشی دەبێت، لەگەڵ ئەو هەنگاوە دڵخۆشکەرانەیەش کە لەو ماوە مێژوییە لەم شارە نراون بۆ ئەم بوارە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە بریتییە لە پێشەکی و چوار باس و دەرەنجام و لیستی سەرچاوە پێکهاتوە. باسی یەکەم تایبەتە بە ڕەوشی خوێندنی فەرمی و کێشەکانی لە سەرەتاکانی دوای ڕاپەڕین تاکو ساڵی(٢٠٠٣)، لە باسی دوەمدا باسی ڕۆڵی ڕێکخراوە بیانییەکان و هەوڵەکانیان لەگەڵ کەرتی پەروەردە و یارمەتییە هەمەلایەنەکانیان لەو بارەوە باسکراوە، لە باسی سێیەمیشدا باسی دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ ئەو ماوە مێژویە خراوەتەڕو، هەروەک ئاستەنگەکانی و کێشەکان و ئەو هەوڵە گەشبینانەیەش بۆ ئەم بوارە لەو ماوە مێژویەدا بونی هەبوە، لە باسی چوارەمیشدا ڕۆڵی بڕیاری (٩٨٦) باسکراوە و کاریگەری ئەم بڕیارە لەسەر پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی ئەم کەرتە لە شاری ڕانیە.

ئاستەنگی گەورە لەبەردەم ئەم توێژینەوەیە نەبونی سەرچاوەی داتایی ئەو ماوە مێژوییەیە لە دەزگا فەرمییەکانی ئەم کەرتە، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەموکورتییانەش پشت بەسەرچاوەی دیکە لە چەشنی گوڤار و ڕۆژنامەکان بەستراوە، ئەو

سەرچاوانەش کە توێژەر زۆر سودی لێ وەرگرتوە زانیاری ناو ڕۆژنامەکانە کە بۆ ژیانی پەروەردەیی لەسەر خەت بونە لە ڕوداوە پەروەردەییەکانی ئەو ماوەیە لەگەڵ ئەو چاوپێکەوتنانەی کە پێشتر لەگەڵ ئەو مامۆستایانە ئەنجام دراوە کە لەو ماوەیە مامۆستا بونە و لەناو ڕوداوەکان ژیاون.

لە کۆتاییدا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بەبێ کەم و کوڕی نابێت، هیوادارین بەشێک بو بین لە شکاندنی ئەو بێدەنگەی لەو ماوە مێژوییەدا کە لەسەر ئەم کەرتە بونی هەبوە.

## باسی یەکەم: کێشە پەروەردەییەکان و ڕەوشی خوێندن

مێژوی خوێندنی فەرمی لە ڕانیە بۆ ساڵی(١٩٢٢) دەگەڕێتەوە کە بۆ یەکەمجار خوێندنگەیەک لەگەڕەکی قەڵات بە ناوی(خوێندنگەی ڕانیەی سەرەتایی تێکەڵاو) کراوەتەوە، واتا بەر لەم بەرواره قوتانخانەی فەرمی لە ڕانیە بونی نەبوە(حەمە، ٢٠١٦: ١٠٦)، بەڵام تا ساڵی(١٩٥٠) کچانی شارەکە نەچونەتە قوتابخانە(عەزیز، ٢٠٢٥: ٥٧).

لە دوای شۆڕشی١٤ی تەموزی ساڵی(١٩٥٨) قۆناغێکی تازە لە ژیانی پەروەردەیی لە شارەکە هاتۆتە ئارا لە ژمارەی خوێندکارو کردنەوەی خوێندنگە(عەبدوڵا،٢٠١٠: ١٣٥-١٤١) تا ساڵی(١٩٩١) شارەکە (١٠) خویندنگەی سەرەتایی و(٤) خوێندنگەی ناوەندی و(١) باخچەی ساوایان و(٢) ئامادەیی و ئامادەییەکی پیشەیی هەبوە (حەمە، ٢٠١٦: ١٠٦-١١٤)؛ (عەزیز، ٢٠٢٥: ٥٨).

بەپێی ئاماره فەرمییەکان بەر لە ڕاپەڕین ژمارەی مامۆستا بۆ قۆناغی سەرەتایی تا ساڵی(١٩٨٥)لە ناوەندی شارەکە (١٨٢) مامۆستا بوە کە(٩١)نێرو (٩١)مێ بونە، ژمارەی خوێندکارانیش لە هەمان ساڵ بۆ هەمان قۆناغ (٦٦٢٤) خوێندکار بوە کە (٤٣٥) نێر و (٢٢٧٢)مێ بونە، بۆ دواناوەندیش لە هەمان ساڵدا(٣٤) مامۆستا بوە کە (٢٤) نێرو (١٠) مێ بوە، ژمارەی خوێندکاری ئەم قۆناغەش بۆ ساڵی(١٩٨٥) (١٩٤٦) خوێندکار بوە کە(١٤٦٨)نێر و (٤٧٨)مێ بونە (حەمە، ٢٠١٦: ٢٣٠-٢٣١).

خوێندن و پەروەردە و فێرکردن بە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگە دادەنرێن، چونکە کاریگەری لەسەر تەواوی لایەنەکانی تری ژیان هەیە، جۆرێک لە دەوڵەت و کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان ئەم بارەیان خستوەتە ڕیزی پێشەوەی خزمەتەکانیان، پاشان سەرکەوتن لەو لایەنە، سەرکەوتنە لە تەواوی کایەکانی ژیان (کاکە امین، ڕەسوڵ، ٢٠٢٢: ١٠٧). لەلایەکی دیکەوە کاتێک لە ڕۆژی(1991/٣/5)ڕاپەڕین لە ڕانیە دژ بە بەعسییەکان ڕویدا، بە دو هەفتە هەمو کوردستان و بە کەرکوکیشەوە کەوتە دەستی پێشمەرگە، زۆری نەخایاند حکومەتی بەعس لە دژە هێرشێکدا هەوڵیدا ئەو ناوچانەی کە لە دەستی دابو بیانخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، ئەمەش وایکرد(کۆڕەو)ی ساڵی(١٩٩١)ی لێ بکەوێتەوە (عەبدوڵڵا،٢٠١٠: ١٧٣-٣٧٤). خەڵکێکی زۆر لەو کاتەدا لە هەمو شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە ڕویان کردە شاری ڕانیە بە نیازی دەرباز بون بەرەو ئێران ڕۆشتن، بەشێک لەو ئاوارانە کە لەبەر نەبونی ڕێگا بۆ ئێران لە شاری ڕانیە مانەوە، بۆ ئەم مەبەستە ڕویان لە مزگەوتەکان و قوتابخانەکانی ئەو سەردەمە کردوە و لەو چوارچێوەیەدا پۆلەکان پڕ ببون لە ئاوارەی شارەکانی کوردستان، لەبەر سەرما و بێسوتەمەنی، لەبەر نەبونی ئامرازی گەرمکەرەوە و چێشت لێنان، زۆربەی تۆماری نمرە و تۆماری گشتی خوێندکاران و تەختەڕەش و کورسی و مێز و کتێبی ناو کۆگاکان و تەنانەت قەنەفە و کەرەستەی ژوری مامۆستایان سوتێنراوە، ئەو سەردەمە بەشێکی زۆری قوتابخانەکانی ناوشاری ڕانیە لە گڕی دوکەڵی تۆمارە سوتاوەکان و تەختەڕەش و کورسییەکان دیوارەکانی و ژورەکانی وێران بوەو ڕەش هەڵگەڕاون (مصطفى "چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/١٢/٢٥).

لەو سەروبەندەدا ئیلهام سەعید محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری ناوەندی کچان بوە بۆ ئەو مەبەستە دەڵێت: "بەشێکی زۆری تۆماری خوێندکارەکان نەمابون و درێندرابون و سوتابون و بەو ناوەدا بڵاو ببونەوە، لەبەر سەرمای بەهێزی ئەو ڕۆژانەش، کەرەستەی قوتابخانەکان وەکو ئامرازی خۆگەرمکەرەوە بەکارهێنرابون، شکێنرابون کەژمارەی خوێندکارانی ناوەندییەکەی نزیکەی(٤٠٠) خوێندکار بون". لە سەرەتاکانی دوای ڕاپەڕین لە ٩٠٪ی قوتابخانەکان، کەرەستەکانی وەکو کورسی و قەنەفە و تەختەڕەشیان نەمابو، دۆخی دەرونی مامۆستا و خوێندکاران وێران ببو، بۆ ماوەیەکی خوێندکارەکان لەسەر بەرد و تەنەکە دادەنیشتن، دۆخێکی نالەبار ژیانی پەروەردەیی ئەم شارەی گرتبۆوە (ئەمین"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/١٢/١٦) لەبەر سوتان و نەمانی تۆماری بەشێکی زۆری قوتابخانەکانی ناو شاری ڕانیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەر بەم هۆیەوە بۆ ئەوەی بسەلمێت کەسێک بڕوانامەی شەشی سەرەتایی هەیە، دەبوایە دو مامۆستا پشتگیری لە فلان کەس لە ناوەندی خوێندکار بوە بەم شێوەیە دەچەسپا کە بڕوانامەی شەشی سەرەتایی هەبوە (کەریم"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/٩/١٦). بەم شێوەیە لە دوای ڕاپەڕین میراتێکی پەروەردەیی وێران و ڕوخاو هەم لە بارە مەعنەوییەکە، هەمیش لە بارە مادییەکە هاتبوە ئاراوە، کە سەرەتاکانی زۆر ئازار بەخش بو، بۆیە ئەم خراپی و هەژارییە درێژەی تا ساڵی (٢٠٠٣) کێشا، بەو شێوەیە کەرەستەکانی ئەو سەردەمە بە شێوەی جیاواز لەناو ژیانی پەروەردەیی مانەوە(قەرەداغی، ١٩٩٩: ٢٩ -٣٠).

هەروەها یەکێک لە کێشە پەروەردەییەکانی تری ئەوکات ئەو خوێندکارانە بون کە لەبەر کۆڕەوەکە شاریان بۆ ژیانی ئاوارەیی بەجێهێشتبو، لە خوێندن دابڕابون، سەرەڕای ئەوەی خوێندنیش لە کۆتایی نزیک بو، چونکە ئەم ڕوداوە لە مانگی چوار دەستی پێکردو لە دوای(1991/4/٤)خەڵکی ڕانیە شارەکەیان بەتەواوی چۆلکرد، دوای هاتنەوەیان بە ئاماژەیەکی(ڕێپێدان)لە پەروەردەی سلێمانییەوە ڕێگایان پێدرا، ئەو خوێندکارانەی دەهاتنەوە بۆ شارەکە لە قوتابخانەکەی خۆیان تاقیکردنەوەیان بۆ دەکرا، بۆئەوەی ئەو ساڵەیان لەدەست نەچێ(نەفەوتێ)، جگە لەوەش لەو کاتەدا کێشەی نەبونی کتێبی نوێ بو، ئەو قوتابخانانەی کۆگای کتێبەکانیان مابو، لە کۆڕەوەکە نەسوتێنرابو، دوبارە دابەش دەکرایەوە بە سەر قوتابخانەکانی کە بێ کتێب بون، بە سێ خوێندکار یان چوار خوێندکار یەک کتێبیان پێ دەدرا، ئەو خوێندکارانەی کە لە یەکەوە نزیک بون، خوێندکارەکانیش لە نێوان خۆیاندا دابەشیان دەکرد، کتێبەکە هەر شەوەی لای یەکێکیان دەبو(عەلی"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٥/١٢/٦). حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر کەمی توانای دارایی، نەیدەتوانی کتێبی تازە چاپ بکات، تا دواتر گۆڕان بە سەر کتێبەکاندا هات و بەمەش لە کتێبی مێژووەوە دەستپێکرد (عەبدولقادر "چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٥/١/١٤).

لە ڕاستیدا تا کۆتایی نەوەدەکانیش دیاردەی نەبونی کتێب لە قوتابخانەکانی ڕانیە دیاردەیەکی زەق بوە، کەچی ئەم کتێبانە لە بازاڕ بە نرخێکی گران دەفرۆشران، دەستگێڕەکان بەئاشکرا لە بازاڕ دایاندەنا و کەسوکاری خوێندکارانیش بە ناچاری دەبو بیکڕن(هەرێمی کوردستان، ژ١٥٢، ١٩٩٩:٢/١٠/١٦).لە بەر نەبونی پەرتوک لە قوتابخانەکاندا بە ناچاری کتێبی بەکارهاتو لە قوتابییەکان وەردەگیرایەوە و کۆدەکرایەوە و دوبارە دابەش دەکرایەوە، ئەگەرچی کتێبەکانیش زۆر خراپ و کۆن و دڕاوبون، بەو هۆیەوە خوێندکار سزا دەدرا لە نەهێنانەوەی، لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمە چاپکردنی کتێب بونی نەمابو(باقی، ژ٣١٩١، ٢٠٠٣/١٠/٨ :٥).

لەلایەکی دیکەوە کێشەیەکی تریش لە سەرەتاکانی دوای ڕاپەڕین بۆ پەروەردە دروست ببو، کەمی ژمارەی هەمیشەیی (میلاک) بو، چونکە لە سەردەمی حکومەتی عێراقی ئەو خوێندکارانەی شاری ڕانیە کە زانکۆ یان پەیمانگایان تەواو دەکرد، لەبەر سەربازی، هەڵدەهاتن و دانەدەمەزران، یان دەبونە پێشمەرگە، یان بەلایەکدا دەڕۆیشتن، بۆیە لەو سەردەمە،

مامۆستایان لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و کۆیە و ناوچەکانی ترەوە دەهێنران بۆ ئەوەی لە ڕانیە وانە بڵێنەوە، بەڵام دوای ڕاپەڕین زۆربەی ئەمانە بۆ ناوچەکانی خۆیان دەگەڕانەوە، بەمەش میلاکی مامۆستایان لە ڕانیە زۆر کەمی کرد و بەناچاری مامۆستای میلاک لەوکاتەدا دەبوایە دو تا سێ دەوام بکەن، ناچار ژمارەیەکی زۆریش لە ژمارەی وانەکان بڵێنەوە، ئەگەر چی دوای پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێ مامۆستا دامەزران، بەڵام بەشی پێویستی پڕ نەکردۆتەوە (نەجیب"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/١٢/١٥).

جگە لەوەش نەبونی بینای تازە بۆ قوتابیان لەوکاتەدا کێشەیەکی تر بو، لە شاری ڕانیەی دوای ڕاپەڕین ژمارەی خوێندکارەکان تا دەهات زیاتر دەبون، بۆیە جەنجاڵییەکی زۆر لە پۆلەکان هەبوە، پۆلی وا هەبوە (٦٠) خوێندکاری تێدا بوە. بەشێک لە خوێندکارەکان دەبوایە بە پێوە بوەستن، لەسەر مێز و کورسیەک سێ قوتابی دادەنیشت، بەو هۆیەوە مامۆستا بە زەحمەت دەیتوانی لەناو پۆلەکان هاتوچۆ بکات، لەبەر ژمارە زۆری خوێندکارەکانیش بەشێک لە قوتابخانەکان دو تا سێ دەوامی تێدا دەکرا، بۆ ئەو دۆخە پەروەردەییەی لەو سەردەمدا هەروەک ئەحمەد دەروێش دەڵێت:"ساڵی (١٩٩٦) من بەڕێوەبەری ناوەندی کێوەڕەش بوم، پۆلی یەکی ناوەندی(٦٤) خوێندکاری تێدا بوە، ئەو ژورەش بێ ڕەحلە بون. ئەوەی جێگەی سەرەنجە تا ساڵی(٢٠٠٠)، لە ناوەندی شاری ڕانیە(٦) خوێندنگە سێ دەوامی تێدا دەکرا، بەڵام ئەو بینایانەی دو دەوامیان تێدا دەکرا زۆر بون، ئەمەش بۆ ئەوە بو ژمارەی خوێندکارەکان لە پۆلەکان کەم ببنەوە"(عەلی"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٥/١/٦).

دەزگا پەروەردەییەکان نەیاندەتوانی کۆڵ بدەنەبەر کڕینی کەرەستەکانی ڕۆژانەی قوتابخانەکان، مەگەر کڕینی بەشێکی لە ڕێگەی پارەی فرۆشگاکان(حانوتەکان)، یان یارمەتی بەشێک لە باوکان و خەڵکی خێرخواز، زۆر جار کەس و کاری خوێندکاران بە دو شێوە یارمەتی پەروەردەیان دەدا، بەشێک بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ خوێندکاران، بەشێکیش بۆ مامۆستا، بەشێکی ئامادەییەکان و قوتابخانەکانی شەوان لە ڕێگای وانەبێژانەوە پڕ دەکرایەوە، لە بەرامبەر ئەوە خوێندکارەکان ئارەزومەندانە پارەیان دەدا لە بری وانەبێژی مامۆستاکە، یان زۆر جار خەڵکی دەوڵەمەندی شار یارمەتی مامۆستایانیان داوە، بە تایبەت ئەو خوێندنگایانەی کە مامۆستاکانیان خەڵکی دەرەوەی شار بون، لەگەڵ بەشێک لە پێویستی قوتابخانەکان(کەریم"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/٩/١٦؛ ئەمین"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/١٢/١٦).

وەک دیارە لەوکاتەدا ژیانی مامۆستاش زۆر خراپ بوە لە ناو هەژارییەکی گەورە و پڕ کێشە بو، بەتایبەتی دوای کشانەوەی دامودەزگاکانی ئیدارەی حکومەتی عێراق لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی(١٩٩١)، بۆ ماوەی پێنج مانگ مامۆستا موچەی پێ نەدرا و بەبێ موچە دەوامی دەکرد، دوای پێکهێنانی حکومەتی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە (18/ 12/ 1993) پرۆژە یاسای هەژمارکردنی ساڵی خوێندنی(1991-1992)ی وەک خزمەتگوزارییەکی (دوساڵ بۆ هەژمارکردن) بۆ مامۆستایان قبوڵ کرد، لەسەر بنەمای ئەو ماندوبون و خزمەتگوزارییەی کە لەو سەردەمەدا گێڕاویانە(ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، ١٩٩٩: ٣٩٩-٤١٠).

مامۆستا ئەمیر ئەحمەد، کە یەکێکە لە مامۆستاکانی ئەو سەردەمە، بۆ دۆخی ئەو سەردەمە دەڵێت: لە دوای تەواو بونی دەوامی قوتابخانە لە ساڵی (١٩٩٦) ڕۆیشتین بۆ ئێران، چوار مانگ و دە ڕۆژ لە ئێران ماینەوە، کارمان دەکرد بۆ پڕ کردنەوەی ئەو دۆخە ئابوریە خراپەی هاتبوە پێش، ئەوکاتەش هاتینەوە کە دەوام دەستی پێکردەوە، لە جیاتی ئەوەی ئەو سێ مانگە پشو بدەین دەبو کرێکاری بکەین، چونکە موچەی مامۆستا زۆر کەم بو، کە نزیکەی (٢٥٠) دینار بو. بەر لە ڕاپەڕینیش هەرگیز نەبوە مامۆستا ئیشی دوەم بکات، دۆخی کۆمەڵایەتی و دەرونی و ئابوری تا ڕادەیەک جێگیر بو،

بەڵام دوای ڕاپەڕین مامۆستا کاریکی دەکرد کە لەگەڵ جۆری پیشەکەی نەدەهاتەوە، ئەمەش تەنیا بۆ بژێوی ژیانی بو لە دوای ڕاپەرینەوە شکۆی مامۆستا هاتە خوارەوە" (عەبدولقادر "چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٥/١/١٤).

لە ڕاستیدا خراپی دۆخی مامۆستا پەیوەست بو بەوگەمارۆیەی لەسەر عێراق بو، هەروەها ئەوگەمارۆیەی کە عێراقیش لەو سەردەمەدا لەسەر کوردستانی دانا بو، بۆیە مامۆستا وەک یەکێ لە توێژە گرینگەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردستان ناچار بو ئیشی دوەم بکات (کەریم"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/٩/١٦). هاتنی شەڕی ناڕەوای ناوخۆ لەو سەردەمەدا، هێندەی تر باری سەر شانی مامۆستای وەک توێژێکی هەستیار قورستر کرد، ئەو ڕۆژگارە موچەی هێزەکانی ناوخۆ زۆر لە موچەی مامۆستا باشتر بو، بۆیە بەشێک لە مامۆستاکان میلاکی خۆیان دەگواستەوە سەر وەزارەتی ناوخۆ، بۆیە دامەزراندن بۆ مامۆستایەتی، وەک جۆرێک لە بێ ئاگایی لێکدەدرایەوە، چونکە موچەکەی بەشی پێداویستییەکانی ژیانی نەدەکرد، بۆیە بڕیاری دەویست مامۆستا بیت، لە کاتێکدا مامۆستا هەبو حەفتانە (٥٦) بەشە وانەی هەبوە لە بەر کەمی مامۆستای میلاک، خەڵکیش خۆی دانەدەمەزراند، هەر بۆیە دەرچوانیش لەم شارەدا کەم بوە (حاجی "چاوپێکەوتن"، ٢٦ /٢٠٢٤/١٢).

بە شێوەیەکی گشتی فشاری گرانیش لە دوای ڕاپەڕینەوە وردە وردە زیادی کردبو، خواردەمەنییەکان بە ئەندازەیەکی گەورە کەم ببونەوە سەرنجی گەورەی خەڵک لەسەر نان بو، لەم باردۆخەدا بە تەنگ پەروەردەوە بون کارێکی قورس بو، وازهێنانی خوێندکارانیش لەو ڕۆژە ناهەموارانەش بونی هەبوە، چەندین جار دەبینرا لەبەر باری قورسی ئەو سەردەمە منداڵەکان دەردەهێندران لە قوتابخانە وکاری کشتوکاڵیان دەکرد یان لە دوکانێک وەک ئامرازی یارمەتیدانی خێزانەکانیان بە کاردەهێنران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پۆلەکان جەنجاڵ بون. ئەو دۆخە بۆ مامۆستا ئازار بەخش بو، هەرچەندە دوای ڕاپەڕین دەرگای دامەزراندن کرایەوە، بەڵام بە موچەیەکی کەم.

ئەم دۆخە ئابورییە خراپەی کە مامۆستا تێیدا دەژیا، تا سەرەتای ساڵەکانی(٢٠٠٠) درێژەی کێشا، هەر لەبەر ئەمەش بو هونەرمەندان و شانۆکاران لەڕێگەی هونەرەکەیانەوە هەندێجار تەعبیریان لەو ناخۆشیەی ئەو سەردەمی مامۆستایان دەکرد، ئەوەتا لە ساڵی(١٩٩٩) شانۆکاران لە ڕانیە شانۆگەرییەکیان لە ژێر ناوی (بانگەوازی ئازارەکان) پێشکەش کردوە، کە ناوەندی هونەری هەنگاو پێشکەشی کردبو، شانۆکە باس لە مامۆستایەک دەکات، لەبەر هەژاری و برسییەتی کتێبەکانی فرۆشتوە(عەبدوڵڵا"چاوپێکەوتن "، ٢٠٢٤/١٠/٨).

لەلایەکی دیکەوە ئەم بارودۆخە وایدەکرد بەشێک لە خوێندکارەکانی ناوەندی و ئامادەیی واز لە خوێندن بێنن، کاری کرێکاری بکەن، بەڵام لە قۆناغی سەرەتایدا وازهێنان لە قوتابخانە کەمتر بو، هەر لەبەر ئەوەش بو لە سەرەتای دوای ڕاپەڕین مامۆستایان دروشمی(سەری بەرز بۆ موچە نەوی ناکەین)یان بەرز کردبۆوە. ئەم پرۆسەی بێ موچەییە نزیک بە (٦) مانگ درێژەی هەبو، تەنانەت بەشێک لەو دەرچوانەی کە پەیمانگایان تەواو کردبو هاتنە ناو پرۆسەکە و بە خۆبەخشی وانەیان لە ناوەندەکانی خوێندن دەگوتەوە، یەکەم دەزگاش لە دوای ڕاپەڕین لە ڕانیە و شارەکانی تری کوردستان بە سەرپێ کەوتەوە، پرۆسەی پەروەردە و خوێندنگاکان بون، دەبێ ئەوەش بگوترێت تا ساڵی (١٩٩٣) موچە نەکەوتە سەر سکە، واتە بەر لەو بەروارە هەمو مانگێک موچە نەدەدرا بە مامۆستا، لەبەر ئەوە بەشێکی زۆری دەرچوانی پەیمانگاکان و زانکۆکانیش، ئامادە نەبون خۆیان دابمەزرێنن (نەجیب"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/١٢/١٥).

هەرچی پەیوەستیشە بە کەرەستەکانی فێرکاری وەکو تاقیگەکان، لە قوتابخانەکانی شاری ڕانیە کە بۆ وانەکانی فیزیا و کیمیا و زیندەوەرزانی و هەندێ وانەیتر پێویست بو، بونی نەمابو، ئەم وانانە هێندەی کردارین ئەوەندە تیۆری نین، هەروەها توند و تیژیش لە ناوەندەکانی خوێندن لە دوای ڕاپەڕین بەردەوام بونی هەبو بە تایبەت لە ژێر کاریگەری ئەو

دۆخە سیاسی و ئابورییەی کە هاتبوە ئاراوە، پاشان هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆش بە تەواوی لە ناو پرۆسەی پەروەردە ڕەنگی دابۆوە، ڕەفتاری خراپی بەعس لەگەڵ مرۆڤی کوردیش، ببوە ئامرازی بەرهەمهێنانی توند و تیژی بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمی کوردی لە هەمو ناوچەکان و ڕانیەش لە نێویدا، بۆیە لە دوای ڕاپەڕین تا ساڵانی سەرەتای (٢٠٠٠)یش لێدان لە خوێندکار ئامادەگیی هەبوە، تا کۆنگری پەروەردەیی کە لە ساڵی (١٩٩٩_٢٠٠٠) لە ئیدارەی سلێمانیی بەسترا و بڕیار درا بە قەدەغەکردنی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن بە هەمو شێوەیەک (قادر"چاوپێکەوتن"، ٢٥ /٢٠٢٤/٩؛ نەجیب"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/١٢/١٥).پێمان وایە لە دوای ڕاپەڕین شەڕی ناوخۆ نەهامەتیەکانی کەرتی پەروەردەی زیاتر خراپ کردبو، بەرەو قۆناغێکی هەڵدێری بردبو.

هەڵبەتە پەروەردە و شەڕ دو پرۆسەی دژ بە یەکترن، ئەو دەستکەوتانەش کە پەروەردە بە دەستی دێنێ، بە درێژەکێشانی ڕۆژگاری شەڕ هەمویان لەناو دەچن، کاتێک مامۆستا منداڵان لەسەر ئارام گرتن و گیانی لێبوردەیی پەروەردە دەکات، کەچی شەڕی ناوخۆ لەسەر بان و گوێ و سوانەکان دەبینرا، ئەمەش لاسایی کردنەوەی بە دوادا دەهات، هەم لە لایەن مامۆستا و هەمیش قوتابی، واتا مۆتەکەی شەڕ بەشێک بوە لە ئامرازی ڕاستەوخۆ لە بەردەم ڕوخان و هەرەسی پرۆسەی خوێندن (زرار، ژ٥، ١٩٩٦: ٥٩).

هەرچەندە لە پێشوتر ئاماژەمان بەو کێشەیە کردبو، بەڵام بەشێکی تری هۆکاری توند و تیژی پەیوەست بو بەوەی مامۆستا لەم شارە زیاد لە دەوامێکی دەکرد، ڕۆژانە ٦ وانە بە ٦ پۆلی ٣٥ کەسی دەوتەوە، نائارامی و دەنگەدەنگی ئەو هەمو قوتابییەی ناو خوێندنگا بەشێک بو لە هۆکاری توڕەیی ئەو سەردەمی مامۆستاکان(ئالانی، ژ ٢٥٧٦، ٢٠٠١: ٩). ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێنمایی و بە بڕیاریش قەدەغەی لێدانی کرد بو، بەڵام ئەم پرۆسە ناپەروەردەییە تا ماوەیەکی زۆر لەناو ژیانی پەروەردەیی درێژەی کێشا و زیانی زۆری بۆ ئەم کەرتە هەبو(عەلی، ژ ٤٤٢، ٢٠٠١: ٤).وا دیارە زۆر کات ڕوداوی نەخوازراو لەم بەردەوامی توندوتیژییە کەوتۆتەوە، بۆ نمونە لە ڕۆژی (٢٠٠٣/١١/١١) لە قوتابخانەی کێوەڕەشی سەرەتایی تێکەڵاو لە ڕانیە، بە هۆی سەرپێچییەوە مامۆستایەک پشتی قوتابیەکی شکاندوە، ئەمەش ڕوداوێکی نەخوازراو بوە لەناو ژیانی پەروەردە ڕوبدات لەم شارە(ڕێبازی ئازادی، ٢٠٥،٢، ١٢/ ٢٠٠٣: ٣). ئەوەی شایەنی باسکردنە لە ساڵانی نەوەدەکان بەشێک لە مامۆستایان لێدانی خوێندکارانیان بە بەشێک لە پرۆسەی پەروەردە زانیوە، پێیان وا بو پاداشت و سزا لەگەڵ ژیانی مرۆڤ هاوڕێکە، بە پێویستییەکی پەروەردەییان دەزانی، بۆ ڕاستکردنەوەی قوتابی وخوێندکار بێ گوێدانە تەمەن، ئەمەش تێڕوانینێک بو تا ماوەیەکی زۆر مایەوەو کاری پێدەکرا(خضر، ژ١٧٠، ٢/١/ ١٩٩٨: ٥).

دیاردەیەکی تر کە لە دوای ڕاپەڕین لە ئەنجامی درێژەکێشانی گرانی و شەڕی ناوخۆ بو بە دیاردەیەکی زەق لەناو ژیانی کوردەواری و لەناو ژیانی پەروەردەیی و زیانی بەو کەرتە گەیاند، کۆچ کردن بو(تەنیا، ژ٤٦٩، ١٧، ٦/ ٢٠٠٢: ٤). تا دوای ساڵی(٢٠٠٣)ش لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، خوێندکار گەر دەرفەتی بۆ ڕەخسابایە، خوێندنەکەی بەجێدەهێشت و بۆ یەکێ لە وڵاتەکانی خۆرئاوا دەڕۆشت، ئەم دیاردەیە ئامرازی ساردبونەوەی خوێندکاران بو، دیارە هۆکاری ترس لە ئایندە یەکێک بو لە هۆکارەکانی ڕۆیشتن.تەنانەت بەشێک لە مامۆستایانیش، بە تایبەت لە دوای هاتنەپێشی شەڕی ناوخۆ و بێهیوابون، بەرەو هەندەران کۆچیان دەکردو پیشەکانیان بەجێ هێشت (حاجی"چاوپێکەوتن"، ٢٦ /١٢ /٢٠٢٤).

هەرچی پەیوەستە بە بینای قوتابخانەکان، تا ساڵی(٢٠٠٣) چەندین قوتابخانە هەبون، کە بینایان نەبوە و لە خانوی کرێدا بونە، وەکو باخچەی ساوایانی شنە و چەندانی تر، هەروەها بینای نەشیاویش کە بۆ پرۆسەی پەروەردە نەگونجاو بوە، لەبەر نەبونی بینای قوتابخانە بە ناچاری کراوە بە قوتابخانە، وەکو قوتابخانەی ڕەنجدەران کە لە بینای (مرکز

توزیـع) دابوە، بابەگوڕگوڕی سەرەتایی لە بینایەک دەوامی کردوە کە بۆ فەرمانگەی کارەبا دروست کراوە، ئامادەیی کچان کە بۆ نەخۆشخانەی سەربازی دروست کراوە، پەیمانگای هونەرە جوانەکان کە بارەگای حیزبی بوە لە ڕۆژگاری بەعس، لەبەر ئەوە زۆربەی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان دو دەوامی بونە، ئەمەش بەشێکی گرینگ و دیاری ژیانی پەرێشانی پەروەردەیی بون لە ڕانیە(مستەفا، ٢٠٠٦، ٣٣-٣٤). بەتێڕوانین لە بارودۆخی پەروەردە دەبینین لە ساڵی (٢٠٠٣) (١٥) قوتابخانەی سەرەتایی هەبوە، بەڵام (١٤) بینا هەبوە، (١٣٢) ژوری خوێندن بەرامبەر (١٣١٠٣)خوێندکار بو بۆ هەر ژورێک (٩٢) قوتابی بەرکەوتوە، لێرەوە پێویستی بە (٢٢) بینای دوازدە پۆلی هەبوە، مامۆستای بیرکاری سنوری (٦٠٠) خوێندکاری بەرکەوتوە، ئینگلیزی (٥٠٠) خوێندکار و کیمیاش (٦٥٠) خوێندکاری بەرکەوتوە، ئەمەش کێشەیەکی گەورە بوە بۆ ژیانی پەروەردەیی لە شارەکە.زۆری ژمارەی خوێندکار گەیشتوەتە ئاستێک لە ساڵەکانی دوای (٢٠٠٣)ش، کێشەکە ئامادەگی هەبوە(شکۆمەند، ژ٥٨١، ١٢/٢٢/ ٢٠٠٤: ٤).

قوتابخانە کە بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی خوێندن دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەی ژمارە و ڕەوشی قوتابخانەکان بە گشتی دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندین هۆکاری جۆربەجۆر، لەو ڕوانگەیەوە بە خستنەڕوی ئەو کێشە و گرفتانەی ڕەوشی پەروەردە هەست بە گرفتەکانی کەمی و ئاستی گەشەسەندنی قوتابخانەکان دەکرێت، هەر وەک لە خشتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

خشتەی ژمارە(١)ژمارە و ناوی خوێندنگە و ئاست و مێژوی دامەزراندنیان لە ماوەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕو:

| ژمارە | ناوی خوێندنگە | ئاست | ساڵی دامەزراندن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕانیەی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٢٢ | |
| ٢ | ئاکۆی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٥٨ | |
| ٣ | ڕانیەی تێکەڵاو | ناوەندی | ١٩٥٩ | |
| ٤ | بیتوێنی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٦٥ | |
| ٥ | ڕانیەی کوڕان | دواناوەندی | ١٩٧٠-١٩٧١ | کچیش تێیدا خوێندوە |
| ٦ | ڕانیەی کچان | ناوەندی | ١٩٧٤ | دوای ڕاپەڕین دەبی بە دەروازەی کچان |
| ٧ | ڕانیە | باخچەی ساوایان | ١٩٧٥ | |
| ٨ | شارانی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٧٦ | دواتر ناوەکەی گۆڕاوە بۆ ماکۆک |
| ٩ | ڕانیەی ئێواران | ناوەندی | ١٩٧٨ | |
| ١٠ | گۆجاری تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٧٨ | |
| ١١ | بۆتێی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٧٩ | |
| ١٢ | ماکۆکی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٧٩ | |
| ١٣ | ڕانیەی تێکەڵاو | ئامادەیی | ١٩٨٠-١٩٨١ | دوای ڕاپەڕین دەبێ بە(-٥-ی ئازاری کوڕان) |
| ١٤ | ڕانیەی تێکەڵاو | ئامادەیی پیشەسازی | ١٩٨٤ | |
| ١٥ | ڕانیەی کچان | دواناوەندی | ١٩٨٤ | |
| ١٦ | قورەگۆی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٨٤ | |
| ١٧ | کێوەڕەشی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٨٤ | |
| ١٨ | کێوەڕەشی تێکەڵاو | ناوەندی | ١٩٨٦ | |
| ١٩ | ڕانیەی تێکەڵاو | ئامادەیی بازرگانی | ١٩٨٧-١٩٨٨ | دواتر بۆتە بەشێک لە ئامادەیی پیشەسازی |
| ٢٠ | یەکێتی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٨٨ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ | حليمە السعديیەی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٩٠ | دوای ڕاپەڕین ناوەکەی دەگۆڕێ بەبروسک |
| ٢٢ | سەیداوای تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٩٠ | |
| ٢٣ | شاورێی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٩٤ | |
| ٢٤ | ڕانیەی کچان | ئامادەیی | ١٩٩٥ | |
| ٢٥ | مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیە | پەیمانگا | ١٩٩٦ | |
| ٢٦ | تیتۆکەی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٩٧ | |
| ٢٧ | هەنجیرەی ئاکۆی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٩٧ | |
| ٢٨ | ژیاری تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٩٨ | |
| ٢٩ | مەشخەڵی تێکەڵاو | ناوەندی | ١٩٩٨ | |
| ٣٠ | ڕەنجدەرانی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٩٨ | |
| ٣١ | کۆدۆی تێکەڵاو | ناوەندی | ١٩٩٨ | |
| ٣٢ | هەوارە بەرزەی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٩٨ | |
| ٣٣ | ڕانیەی ئێواران | ئامادەیی | ١٩٩٨ | |
| ٣٤ | بۆسکێنی تێکەڵاو | سەرەتایی | ١٩٩٩ | |
| ٣٥ | هونەرە جوانەکانی ڕانیە | پەیمانگا | ٢٠٠٠ | |
| ٣٦ | گوڵستانی تێکەڵاو | سەرەتایی | ٢٠٠١ | |
| ٣٨ | هیوای ئێواران | ناوەندی | ٢٠٠٢ | |
| ٣٩ | بابەگورگوڕی تێکەڵاو | سەرەتایی | ٢٠٠٢ | |
| ٤٠ | بنکەی کێوەڕەشی تێکەڵاو | سەرەتایی | ٢٠٠٣ | |
| ٤١ | مندالانی شنە | باخچە | ٢٠٠٣ | |
| ٤٢ | نەوجەوانانی تێکەڵاو | سەرەتایی | ٢٠٠٣ | |

(حکومەتی هەرێمی کوردستان، و. پەروەردە، هـ. پلاندانانی پەروەردەیی، (٢٠/ 2024/12)؛ مستەفا، 2006: ١٦-١٧).

لەم خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ساڵی (١٩٩٥) هیچ قوتابخانەیەکی نوێ لە ناوەندی شاری ڕانیەدا نەکراوەتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو دۆخە ئابوریی و سیاسیەی هەرێم پێیدا تێپەڕیوە، لە دوای ئەو ساڵەوە بەتایبەت هەوڵی ڕێکخراوەکان و بڕیاری (٩٨٦) ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە کردنەوەی خوێندنگای نوێدا، ئەمەش لە سەرەتادا بە دروستکردنی بینای نوێ و نوێکردنەوەی بینا کۆنەکان، هەر وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (٢): ژمارەی ئەوخوێندنگە و قوتابخانانەی لە ماوەی ساڵانی(2001- 2003)کراونەتەوە:

| ساڵ | پەروەردەی ڕانیە | باخچەی مندالان | سەرەتایی و نەوجەوانان | ناوەندی و دواناوەندی و پاشکۆ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠١ | - | - | ٧ | ٨ | 15 |
| ٢٠٠٢ | - | - | - | - | - |
| ٢٠٠٣ | - | ٥ | ٣ | ٢ | 10 |

ساڵنامەکانی حکومەت، ٢٠٠١: ٩٢؛ ٢٠٠٣: ١١٨).

لەم خشتەیەوە دەردەکەوێ لەسەرەتای(٢٠٠٠)ەکان هەوڵێک هەبوە لە لایەن حکومەتی هەرێم بۆ کردنەوەی خوێندنگەو باخچەی ساوایان ئەگەرچی بە ژمارە لە ئاستی زیادبونی ژمارەی قوتابیانی شارەکەدا نەبوە، کردنەوەی(٥)

باخچەی ساوایان لە کۆتاییەکانی(٢٠٠٣) دواکەوتویی زۆری لە بونی باخچەکانی لە شارەکەدا پێوە دیار بوە، بەڵام هەوڵێکی باشیش بوە لەم ڕوانگەیەوە، چونکە تا ساڵی(٢٠٠٠) هیچ باخچەیەکی منداڵان لە شارەکە بونی نەبوە.

بەهۆی ئەوەی مامۆستا کاریگەری سەرەکی بەسەر پرۆسەی خوێندنەوە هەیە، بێگومان بارودۆخی مامۆستایانیش لە ئاستی رۆشنبیری و خراپی ڕەوشی کاریگەری باش یان خراپی بەسەر ڕەوشی خوێندنەوە دەبێت، بۆ ئەو مەبەستە دەتوانین بڵێین لە ساڵی (١٩٩٨)بە دواوە ڕێژەی دامەزراندنی مامۆستا لە ناوچەکەدا زیادی کردوە، چونکە پێویست بوە، لەبەرئەوەی ڕێژەی قوتابخانەکان و دەرچوانی پەیمانگای مامۆستایانیش زیادی کردوە، ئەمەش لە هەندێک شوێن ڕێژەکە کەڵەکەی کردوە و زیاد لە پێویست کارمەندی بۆ دامەزراوە، قوتابخانە هەبوە (٣٢) کارگوزاری لێ دامەزراوە، ئەمەش وای کردوە ڕێژەی ڕۆژەکانی دەوامکردنیان بە (جێگۆڕکێ-تناوب) بۆ ڕێک بخرێت و کارمەند هەفتەی دو ڕۆژ دەوام بکات، ئەوەش کێشە بوە بۆ پرۆسەی خوێندن(کەریم"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/٩/١٦).هەر وەک لە خشتەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارەی (٣): ژمارەی ئەو کەسانەی لە ساڵانی (٢٠٠١-٢٠٠٣)لە ڕانیە دامەزراون دەخاتەڕو:

| ناونیشانی کار | ساڵی (٢٠٠١) | ساڵی (٢٠٠٢) | ساڵی (٢٠٠٣) |
|---|---|---|---|
| **مامۆستای سەرەتایی و باخچەی ساوایان** | ١٠٨ | دامەزراندن نەبوە | ٢٤٦ |
| **مامۆستای ناوەندی، دواناوەندی، ئامادەیی، پەیمانگا، پیشەیی** | ١٦٦ | - | ٧٢ |
| **فەرمانبەری (کارگێڕی، ژمێریاری، هونەری، هتد..** | ٢١ | - | ٦٩ |
| **کارگوزار(خدمی)** | ٤ | - | ١٨٥ |
| **کۆی گشتی** | ٢٧٨ | - | ٥٧٢ |

(ساڵنامەکانی حکومەت، ٢٠٠١ :٩١؛ ٢٠٠٣: ١١٥).

لەم خشتەیەدا دیارە، لە سەرەتای ساڵانی دو هەزار، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی دامەزراندنەوە، پرۆژەی دامەزراندنی بە کراوەیی هێشتوەتەوە و بەردەوام بوە لە دامەزراندنی کادری پەروەردەیی و کارمەند بۆ فەرمانگە پەروەردەییەکان لە شارەکە.

ئەمەو بۆ لایەنی کەم یارمەتیدانی ژیانی مامۆستا، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی، ساڵی (١٩٩٨) بڕیاری داوە، بەزیادکردنی دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایان لە (٧٠) دینارەوە بۆ (١٥٠) دینار(مەم، ١٩٩٨: ٤). دواتریش لە ساڵی (٢٠٠١) بە بڕیاری ژمارە (٧٤)ی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی، بە زیادکردنی دەرماڵەی پیشەیی لە(١٥٠) دینارەوە بۆ (٢٥٠) دینار لە تێکڕای موچەی بنەڕەتی پەسەند کردوە، زیادکردنی لە ١٠٠٪ بۆ ١٥٠٪ لە بنچینەی کارکردن لە شوێنە دورەکان (فەرمانگەی پەیوەندییە گشتییەکان و ڕاگەیاندن، ٢٠٠١: ٢٥).

سەرەڕای کەمی زانیاری سەبارەت بە ڕەوشی خوێندنی فەرمی ئەو سەردەمی ڕانیە، بە هۆی فەوتان و بەدەستنەکەوتنی بەشی زۆری تۆمارەکانی ئەوکات، بەڵام بە گوێرەی یەکێک لە بڵاوکراوەکانی حکومەت بۆ ساڵی(١٩٩٩)، ژمارەیەک ئاماری گشتی خوێندکاران و مامۆستایان و ژمارەی قوتابی و فەرمانبەرانمان بە دەستدەکەوێ پەیوەست بە ڕانیەو دەوروبەری وەک لەم خشتەیەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە:

خشتەی ژمارە (٤): پرۆسەی خوێندن بۆ ساڵی (١٩٩٩) لە ڕانیەو دەوروبەری بەم شێوازە بوە:

| شوێنەکان | خوێندکاران | | کارگوزاران | | فەرمانبەران | | مامۆستایان | | بینا | ژ.قوتابخانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| با. ساوایان | ٧٣ | ٦٥ | - | ٣ | - | ٢ | ١٨ | ٢٩ | ٢ | ٢ |
| سەرەتایی | ١٦١٧٥ | ١١٦٠٣ | ٣٣٤ | ١٧٤ | ٥ | ٧ | ١٧٤ | ٤٣٣ | ٧١ | ٧١ |
| ناوەندی | ٢٥٥٦ | ١٤٧٥ | ٣٣ | ١٧ | ٢ | ١٤ | ٦٤ | ٣٨ | ٥ | ١٠ |
| دواناوەندی | ٥٠١ | ١٠٠ | ١٥ | ٧ | ٢ | ٢ | ٢٠ | - | ٣ | ٥ |
| ئامادەیی | ٨٤٦ | ٤١٨ | ٢٠ | ٥ | ١ | ٨ | ٣٢ | ٢١ | ٢ | ٤ |
| پاشکۆ- ناوەندی | ١٢ | ٦ | - | - | ١ | - | - | - | - | ١ |
| پیشەیی | ٤٠ | ٢٥ | ٣ | ١ | - | ٢ | ١٢ | ٩ | ١ | ١ |
| نەخۆشیاری | - | ٧٤ | ٢ | - | - | - | ٢ | ١ | ١ | ١ |
| پەیمانگا | ١٩٠ | ٧٠ | ٢ | ٣ | ١ | ٤ | ١٦ | ٦ | - | ١ |

(ساڵنامەی سلێمانی، ١٩٩٩: ٩٣).

لەم خشتەی سەرەوە ژمارەی بێ شوماری قۆناغی سەرەتایی دەردەکەوێت بەبەراورد بە ژمارەی قۆناغەکانی تری خوێندنی فەرمی لەو ماوە مێژوییە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە لە قۆناغی سەرەتاییدا زۆربەی خانەوادەکان منداڵەکانیان لەبەر خوێندن دابون بەبەراورد لەگەڵ قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی کە ڕەنگە لەو ماوە مێژوییە خوێندکار بە هۆکاری جیاواز لەهەندێ کاتدا خوێندنی جێهێشتبێت.

هەروەک یەکێک لە بەڕێوەبەرەکانی پەروەردەی ئەوکات چەند زانیارییەکی جێگای سەرەنج سەبارەت بە خوێندکارانی خوێندنگا ناوەندی و ئامادەییەکانی شاری ڕانیە خستۆتە ڕوکە دەکرێت لەم خشتەیەی خوارەوە بخرێتە ڕو:

خشتەی ژمارە(٥) ژمارەی خوێنکارانی ناوەندی و ئامادەیی لە ناوەندی شارەکە بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٠٠) بە پێی وتەی بەڕێوەبەری پەروەردەی ئەوکاتەی ڕانیە(ئیبراهیم حەوێزکەریم) نیشانیداوە:

| قەزا | ناوەندی | | ئامادەیی | | ئامادەیی پیشەیی | | نەخۆشیاری | | کۆ | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| ڕانیە | ٣٤٨٨ | ١٨٦٩ | ١١٤٢ | ٤٨٠ | ٣٢ | ٢٩ | - | ٦٥ | ٤٦٦٢ | ٢٤٤٣ | ٧١٠٥ |

(بالیسانی، ٢٠٠٢: ٩).

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت ڕێژەی خوێندکاری نێر لە هەردو قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی بۆ ساڵی(٢٠٠٠) زۆر لەسەروی خوێندکاری ڕەگەزی مێینە بوە، هەروەها کەمبونەوەی ڕێژەی خوێندکاری ئامادەیی پیشەیش لەم قۆناغە مێژوییە نیشاندەدا.هەر سەبارەت بەو پرۆسەیە سەرچاوەیەکی دیکە هەندێ زانیاری سەبارەت بە ژمارەی فەرمانبەرو مامۆستایانی قوتابخانەکانی ڕانیە تۆمار دەکات کە دەشێت گرینگی خۆی هەبێت وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

خشتەی ژمارە(٦)ژمارەی کارگوزارو فەرمانبەران و مامۆستایانی قوتابخانەکانی ڕانیە بۆ ساڵی(٢٠٠٠) دەخاتە ڕو:

| ژ | ژ.کارگوزار | ژ.فەرمانبەر | ژ.مامۆستا |
|---|---|---|---|
| ١ | ٩٤٢ | ١٢٠ | ١٦٠٦ |

هەروەک لە خشتەی ژمارە(٦)دەردەکەوێت کە تا ساڵی (٢٠٠٠)، ناوەندی شاری ڕانیە (٩٤٢) کارگوزار و (١٢٠) فەرمانبەر و (١٦٠٦) مامۆستای هەبوە، ئەمەش هەڵکشانی ژمارەی کارمەندانی ئەم کەرتە بوە لە پەروەردەی ڕانیە بەبەراورد بە سەرەتاکانی بەتایبەتی مامۆستایان(سەپان، ژ٢٠٨٤، ٢٠٠٠/٢/٢٧ : ٣).هەر سەبارەت بە ڕەوشی خوێندن بە گشتی بە گوێرەی ئاستەکانی خوێندن بۆ ساڵانی(٢٠٠٢، ٢٠٠٣)دا ئەم ژمارانە لە هەردو خشتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

خستەی ژمارە (٧) زانیاری هەمەلایەنەی بواری پەروەردە لە ڕانیە بۆ ساڵی (٢٠٠٢) دەخاتە ڕو:

| ژ | بابەت | باخچەی ساوایان | سەرەتایی | ناوەندی | دواناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگای مامۆستایان | پیشەسازی | هونەرە جوانەکان | نەوجەوانان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | **ژ:خوێندنگە** | ٢ | ٢٣٩ | ٣٦ | ١١ | ٥ | ١ | ١ | ١ | ٢ | ٢٩٨ |
| ٢ | **ژ.بینای خوێندنگە** | ٢ | ١٩٧ | ٩ | ٧ | ٣ | ١ | ١ | - | ١ | ٢٢١ |
| ٣ | **ژ.مامۆستا** | ١٣ | ١٦٠٣ | ٢٠٧ | ١٠٠ | ٨٨ | ٢٢ | ١٧ | ٢ | | ٢٠٥٢ |
| ٤ | **ژ.قوتابی و خوێندکار** | ٥٥٢ | ٥١٢٣٧ | ١٥٣٤٠ | | | ٤٥٦ | ٨٣ | ٦٩ | ٢٠٥ | ٦٧٩٤٤ |

(فەرمانگەی پەیوەندییە گشتییەکان و ڕاگەیاندن، 2002: 148، 149).

خستەی ژمارە (٨) زانیاری هەمەلایەنەی بواری پەروەردە لە ڕانیە بۆ ساڵی (٢٠٠٣)دەخاتە ڕو:

| ژ | بابەت | باخچەی ساوایان | سەرەتایی | ناوەندی | دواناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگای مامۆستایان | پیشەسازی | هونەرە جوانەکان | نەوجەوانان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | **ژ:خوێندنگە** | ٢ | ٢١٨ | ٣٥ | ٩ | ٧ | ١ | ١ | ١ | ٢ | ٢٧٦ |
| ٢ | **ژ.بینای خوێندنگە** | ٢ | ٢١٠ | ١١ | ٤ | ٣ | ١١ | - | ٠ | ١ | ١٤٨ |
| ٣ | **ژ.مامۆستا** | ١٥ | ١٦٦٦ | ٢٣٥ | ٧١ | ٩٦ | ٢٢ | ١٩ | ٤ | ٨ | ٢١٣٦ |
| ٤ | **ژ.قوتابی و خوێندکار** | ٦٩٥ | ٥١٠٦٦ | ١٨٧٢٥ | | | ٦٣٤ | ٩٩ | ٩٥ | ٣٠٤ | ٧١٦١٨ |

(فەرمانگەی پەیوەندییە گشتییەکان و ڕاگەیاندن، ٢٠٠٣: ١٠٧).

لەم دو خشتەیەوە دەردەکەوێ ژمارەی خوێندکار لە ڕانیە و دەوروبەری لە ماوەی ساڵانی (2002-2003 ) بەردەوام لە زیادبوندا بوە، دامەزراندنی مامۆستاش هەبوە لەو ماوەی ئەو ساڵانە، بەڵام گەشەی دروستکردنی بینا بەراورد بە ڕێژەی زۆربونی خوێندکار کەمتر بوە، بۆ نمونە ساڵی (٢٠٠٢) ئەگەر ژمارەی خوێندکارانی ئامادەیی ڕانیەی ئێواران وەربگرین، (٤٢٠) خوێندکار بوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٣) ژمارەکەی بەرز بۆتەوە بۆ سەروی (٩٠٠) خوێندکار، ئەمە بەڵگەیە لەسەر زۆربونی بە لێشاوی ژمارەی خوێندکار لەو ماوە مێژوییەدا(عبدالخالق، ژ٦، ٢٠٠٣ : ٢٩).

## باسی دوەم: ڕۆڵی ڕێکخراوە بیانییەکان و هەوڵەکانیان لە ژیانی پەروەردەیی

ڕێکخراوەکان ڕۆڵی زۆر گرنگیان گێڕاوە لە دوبارە بە سەرڕێخستنەوەی ژیانی پەروەردەیی لە ڕانیە بە تایبەتی و لە کوردستان بە گشتی.ڕێخراوەکانی وەکو (یونسکۆ _ یونسێف)، لە گرنگترین ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بون، یونسێف سەرپەرشتی قوتابخانە سەرەتاکانی دەکرد، یونسکۆش سەرپەرشتی یارمەتی بۆ خوێندنگا ناوەندی و

ئامادەییەکانی دەکرد، پارمەتییەکانیان لە سەرەتادا بە هێنانی پێداویستییەکانی تەختەڕەش و کورسی و مێز و تەباشیرو دەفتەر و قرتاسییە و کەرەستەی تاقیگەکان دەستپێکرد (ئەمین"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/١٢/١٦).

لە ساڵەکانی (١٩٩٤_١٩٩٥) دەستیان بە دابەشکردنی خواردن کرد لە قوتابخانەکان، ئەمەش بە هۆی هەژاری لەو سەردەمەدا، بۆیان دەرکەوت دەبێ خواردن بۆ خوێندکارەکان دابین بکەن، لەبەرئەوەی بەشێکی نەخۆشییەکانی ئەو سەردەمی خوێندکارەکان لە کەمی ڤیتامینەکان وبەدخۆراکییەوە سەریهەڵدا بو، لەو پرۆسەی درێژە پێدانی خواردنیش لە قوتابخانەکان نزیکەی (٢) ساڵی خایاند (عەلی"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٥/١/٦). ڕێکخراوی (ئیکلیوبەری فەرەنسی) یەکێک بو لەو ڕێکخراوانەی ڕۆڵی لەخزمەتکردن بە پرۆسەی پەروەردەی ئەو سەردەم هەبوە، خواردنەکانیش کە بە قوتابییەکانیان دەدا (نیسک، نۆک، فاسۆلیا، برنج)، هەر لەم قۆناغەدا لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە پسکیتیش دابەشدەکرا، جۆرە پسکیتێک بو تێرکەر و تایبەت بو (نەجیب"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/١٢/١٥).

ڕێکخراوی کلا(kla)-(هاوکاری ژیانی کورد-kurdish life aid)یش کە ڕێکخراوێکی بەریتانی-کوردی بو، ئەرکیان دروستکردنی خوێندنگەی (٤) ژوری و (٥) ژوری بو، کە وەک خوێندنگەی گەڕۆک وابون، بۆ نمونە خوێندنگەیەکیان بۆ ئاوارەکانی کەرکوک لە بەردەم فەرمانگەی کارەبا دروست کردوە، کە بینایەکی (٤) پۆلی بو(نەجیب"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/١٢/١٥). هەندێ کات ئەم ڕێکخراوانە پارەشیان دەدا بە مامۆستا، قوتابخانەیەکیان هەڵدەبژارد بۆ هاوکاری ئابوری، چەند مانگێک مانگانە(١٠٠)دیناریان بە مامۆستاکان دەدا، دیارە نەیاندەتوانی مامەڵەی ئابوری لەگەڵ هەمو خوێندنگاکان بکەن لەبەرئەوەی توانای ئابوریان دیاریکراو بوە، نوێکردنەوەی قوتابخانەکانیش یەکێ بو لە کارەکانیان بۆ پەروەردە لەو سەردەمە، بەڵام زیاتر بایەخیان بە دابینکردنی کورسی و مێز و تەختەڕەش و تەباشیر دەدا، چونکە زۆربەی ئەو کەرەستانە بە شێوەی جیاواز لە ناو چو بون، ئێستاش بەشێکی زۆری ئەو کورسی و مێزو کەرەستانەی خوێندنگەو قوتابخانەکان هی ئەو سەردەمانەن کە ڕێکخراوەکان بە تایبەت یونیسێف بۆ شارەکەی دەهێنا، لە ساڵی(١٩٩٨)بە دواوە خول لە لایەن ئەم ڕێکخراوە نا حکومییانە دەکرایەوە بۆ مامۆستایان، لە پێناو گەشەدان بە دۆخی پەروەردەیی لە شارەکەدا تەنانەت بڕێک پارەش بە مامۆستایان دەدرا وەک هاندان(عەبدولقادر"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٥/١/٤).

هەروەها ئەم ڕێکخراوانە لە خولەکانیاندا ڕۆژانە بڕی (٥) دۆلاریان بە مامۆستاکە دەدا تەنانەت خول هەبو (١٠) ڕۆژ یان (١٥) ڕۆژ بوە، زۆربەی خولەکانیش لە ناوەندی شاری ڕانیە دەکرانەوە.جگە لەمانەی باسمان کرد لە ڕۆژی(١٩٩٣/١١/٤)بە نوسراوی ژمارە (١٤٠٧١) بەڕێوەبەریەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی(٤) خولی بۆ (کارگێڕی، زمان ئینگلیزی، بیرکاری، ئەلفوبێ) لە قوتابخانەکانی بیتوێن، ڕانیە، ئاکۆی سەرەتایی بە هاوکاری ڕێکخراوی یونسێف کردوەتەوە، خولەکە لە ڕۆژی(١٩٩٣/١١/٥تا١٩٩٣/١١/٢٩)خایاندوەو تەنیا بەشدارانی بەشی کارگێڕی لە قوتابخانەکانی ناوچەی ڕانیە(٢٨) مامۆستا بون(ب. گ. پ. سلێمانی،١٩٩٣؛ عەلی، "چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/٦/١)لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوی (T.D.C) فەرەنسیش یەکێک بو لەو ڕێکخراوانەی لە بوارەکانی پەروەردەدا، لە نێوان ساڵانی (1994 _ 1998) خولی بەهێزکردنی زانستەکانی کۆمپیوتەر و زمانی ئینگلیزی و وانە جۆراوجۆرەکانی کردۆتەوە، خولەکان گشتی بون، بۆ ئەم مەبەستە مامۆستایانیش لە شارەکە بەشدارییان تێدا دەکردو سودیان لێ دەبینی.سەرەڕای ئەوە ڕێکخراوی یونیسێفیش خولی بەهێزکردنی پەروەردە و پسپۆڕی بۆ مامۆستا و بەڕێوەبەر و یاریدەرەکان و سەرپەرشتیاران کردۆتەوە (مصطفی "چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/١٢/٢٥).

ئەوەی شایانی باسە بە ژمارە(١٧٣٩٩)لە ڕۆژی (١٩٩٩/٩/١٨)دا لەسەر ئەرکی ڕێکخراوی یونسێف، بڕیار دراوە بە کردنەوەی خولێک بۆ ئامادەکردنی مامۆستایانی سەرەتایی لە خوێندنگەی ڕانیەی سەرەتایی لەو شارەدا، لە(٨)ی

بەیانییەوە تا(١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژانە بەردەوام بوە کە(هاشم عەبدوڵلا حەمەد)بەڕێوەبەری خولەکان بوە، ئەم مامۆستایانە وانەیان تێدا دەوتەوە(محەمەد تۆفیق مەتحەت، نەبی عەبدوڵلا ڕەسول، ژیان صابر مستەفا، حەسەن عەبدوڵلا بابەکر، ڕەسوڵ محەمەد عەلی، محەمەد ساڵح عەزیز، حەمید عەبدوڵلا محەمەد، محەمەد عوسمان حمد، عوسمان محەمەد مەمەند، حسێن ساڵح ئیبراهیم، عەدنان ئیبراهیم فەتاح، جەوهەر قادر فەقێ عەبدوڵلا، صادق مەعروف عەلی، گوڵە حەوێز عوسمان، حەمە حەمەد سەلیم)بون ڕێگاکانی وانە وتنەوەو هۆکارەکانی فێرکردن و دەروناسی پەروەردەیی ودەروونناسی منداڵ و تەندروستی دەرونی و ڕێگاکانی وتنەوەی وانەکانی بیرکاری و کۆمەڵایەتی و عەرەبی و ئینگلیزی و ئەلفوبێ و وانەی گەشەی پەروەردەیی تێدا گوتراوەتەوە (ب.گ.پ.سلێمانی، ژ(١٧٣٩٩) :١٨ / ١٩٩٩/٩).

لە ساڵانی (1998 _ 1999) خولی وەرشەی کارکردن لە ڕانیە کراوەتەوە. لە ڕۆژی(1999/6/2)بۆ(1999/9/22)کە (١٠٠) بەشداربو کاری هەبوەو بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی (standby credit facilty)-(S.C.F) کراوەتەوە، پاشان خولی ئامادەکردنی مامۆستایانی دواناوەندی لە ڕانیە کراوەتەوە، دواتر لە ڕۆژی(1999/7/28)بۆ(1999/8/31)، (٥٦) مامۆستا بەشداری خولەکە بونە و ڕێکخراوی یونسکۆش ئەرکی ئیدارەدانی ئابوری لە ئەستۆ گرتوە، هەروەها خولێکی تر لەسەر هۆکارەکانی فێرکردن لە ڕانیە بۆ مامۆستایان کراوەتەوە، جگە لەمانەی باسکرا(1999/9/11)بۆ(1999/9/25)، تێیدا (٢٥) مامۆستا بەشدار بونە، ئەوجارە ڕێکخراوی یونسێف هاوکاری کردنەوەی ئەم خولە بوە. هەروەها خولی ڕاهێنانی مەڵبەندی مامۆستایان بە بەشداری (١٢٠) مامۆستا، کە (١٦) ڕۆژ بەردەوام بوە ڕێکخراوی یونسکۆ هاوکاری کردنەوەی ئەم خولەی لە ئەستۆ گرتوە(سەنتەری ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی وەزیران،٢٠٠٠: ٦٧-٧٠). هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٠) ڕێکخراوێکی فەڵەستینی بە ناوی(ئۆنۆرویی فەڵەستینی) خولێکیان بۆ سەرپەرشتیارەکان لە شاری هەولێر(عەنکاوە) کردەوە، لە ڕانیە(٣)سەرپەرشتیار بەشدار بون(عەلی"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٥/١/٦). لە ساڵی (١٩٩٩) ڕێکخراوی یونسێف خولێکیان لە شاری سلێمانی بۆ مامۆستایانی ناوشاری ڕانیە کردەوە، تەنانەت هاوکاری دارایشیان کردون. خولەکە پەیوەست بوە بە وانەکانی (فیزیا، کیمیا، ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی، هتد...). (کەریم"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/٩/١٦).

هەر لە درێژەی کردنەوەی خولەکان بۆ مامۆستایان و ئامادەکردنیان بە نوسراوی ژمارە(١٥٣٨٤)لە ڕۆژی(٢٢/ ٨/ ٢٠٠٠ ) بەهاوکاری ڕێکخراوی یونسێف بەشی پەروەردەی سلێمانی بڕیاری داوە بە کردنەوەی خولێکی دیکە لە سنوری ڕانیە بۆ مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بۆ بەشەکانی (پیشەسازی، بازرگانی، کشتوکاڵ) لە قوتابخانەی ڕانیە و ماکۆکی سەرەتایی کە لە ڕۆژی(٢٠٠٠/٨/١٥)تا (٢٠٠٠/٩/١)بەردەوام بو، لەم خولەدا (صادق مەعروف، شۆڕش عەزیز نەجیب) بە بەڕێوەبەری خول دانراون، ئەم بەڕێزانەش وانەکانیان دەوتەوە هەریەکە لە: (محەمەد ساڵح عەزیز، مستەفا ئیبراهیم ئەحمەد، حەمید عەبداللە محەمەد، جەوهەر قادر فەقێ عەبدوڵلا، محەمەد تۆفیق مەدحەد، ڕەسوڵ محەمەد عەلی، حەسەن عەبدوڵلا بابکر، حەمەد حەمەد سەلیم، محەمەد عوسمان محەمەد، عوسمان محەمەد مەمەند، خیراڵلە تەها مەعروف، عەدنان ئیبراهیم فەتاح، ژیان صابر ئیبراهیم)بون بە هەمان شێوە ڕێگاکانی وانە وتنەوەو هۆکارەکانی فێرکردن، دەرونناسی پەروەردەیی ودەروونناسی منداڵ و تەندروستی دەرونی و ڕێگاکانی وتنەوەی وانەکانی بیرکاری و کۆمەڵایەتی و عەرەبی و ئینگلیزی و ئەلفوبێ و وانەی گەشەی پەروەردەیی تێدا گوتراوەتەوە (ب.گ.پ.سلێمانی، ژ(١٥٣٨٤) :٢٠٠٠/٨/٢٢).

وا دیارە ئەم خولانە بەردەوام بون، ئەوەتا لە ڕێکەوتی(2001/11/29)خولێکی (١٥) ڕۆژە بۆ مامۆستایانی سنوری بیتوێن و پشدەر کراوەتەوە، کە تێیدا (٦٦٢) مامۆستای سەرەتایی بەشدار بون(نورەدینی، ژ٣٧١، ١١ /٢٠٠٢/١: ٥)،

هەروەها لە ڕۆژی(27/ 7/ 2001)زنجیرە خولێکی تریش بۆ مامۆستایانی ناوەندی و دواناوەندی بون کراوەتەوە لە شاری ڕانیە بەهاوکاری ڕێکخراوی یونسکۆ، بۆ زمانی کوردی و کۆمەڵایەتی، کە ماوەی (٢٤) ڕۆژی خایاندوە(ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە،٢٠٠١: ٣). ڕەنگە لە پاڵ باشێتی کردنەوەی ئەم خولانە لە لایەن ڕێکخراوەکانی یونسێف و یونسکۆ و ئەوانی تر، بۆ برەودان بە توانای پیشەیی مامۆستایان، لەگەڵ ئەوەشدا بێ گلەیی نەبوە، بۆ نمونە بەشێک لە مامۆستایان ساڵانە بۆ بەشداری لە خولەکان دوبارە بونەتەوە، هەندێکی تریش لەگەڵ ئەوەی هەوڵی زۆریان داوە، بەڵام نەیانتوانیوە بۆ جارێکیش بەشدار بن لە خولێک، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەوا هەمو مامۆستاکان دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخسێنراوە لە بەشداریکردنیان لەم خولانە(چاوشین، ژ٤٨٧، ١٤ /کانونی دوەم/٢٠٠٢: ٥).

لە هەوڵێکی تری ناوازەی ساڵی (٢٠٠١) بۆ ژیانی پەروەردەیی کە وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاریی ڕێکخراوە بیانییەکان لە ئەستۆی گرتوە، هەوڵی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لە کوردستان بوە (هەرێمی کوردستان، ژ٢٨٤، ٢٠٠١/٤/١٨: ١)، بە هۆکاری ئەوەی کێشەی نەخوێندەواری یەکێک بوە لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە لە کوردستان و ڕانیە و دەوروبەری (سامەرایی، ژ٢٨٢٠، ٢٩ /٢٠٠٢/٧: ٤)، لەم نێوەندەدا بنکەکانی ئەم هەڵمەتە لە قوتابخانەکانی (ژیار، قورەگۆ، سەیداوا، بۆسکێن) کراوەتەوە بۆ ئەو مەبەستە لە بەسەرکردنەوەیەکی نەرمین عوسمان وەزیری پەروەردە، لە ڕۆژی(٢٠٠٢/١٠/٢٧) سەردانی ئەو بنکانەی کردوە، بۆ لە نزیکەوە بەئاگابون لە کارەکانیان گرنگی و بایەخی پرۆسەکەی خستۆتە ڕو(ئاڵای ئازادی، ژ٤٨٩، ٤ /٢٠٠٢/١١: ٣)، بۆ ئەو مەبەستە ئەم پرۆسە بەردەوامی پێدراوە، هەروەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

خشتەی ژمارە (٩) ژمارەی فێرخوازانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە شارەکە و دەوروبەری دەخاتە ڕو:

| ساڵ | بەڕێوەبەریەتی گشتی پەروەردەی | ژ. مەڵبەند | ژمارەی فێرخوازان | | | لایەنی پشتگیری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕانیە | ٢ | کوڕ | کچ | کۆ | |
| ٢٠٠١ | - | - | ٢٠٦ | ٩٨ | ٣٠٤ | ڕێکخراوی کۆڕک |
| ٢٠٠٢ | - | - | ٤٤٣٩ | ٦٩٢٧ | ١١٣٦٦ | وەزارەتی پەروەردە |
| ٢٠٠٣ | - | - | ٢٧٩٠ | ٥٤٣٦ | ٨٢٢٦ | مام جەلال، حکومەتی هەرێم، یونسکۆ، یونسێف. |

(ساڵنامەکانی حکومەت، ٢٠٠١: ٩٧؛ ٢٠٠٢: ١٥٣؛ ٢٠٠٣: ١١٣؛ کوردستانی نوێ، ژ٢٩٦٠، ١١ /٢٠٠٣/١: ٤)

دیارە فێرخوازەکان بە گوێرەی تەمەنیان جیا کراونەتەوە، بۆ نمونە لە تەمەنی ١٠ بۆ ١١ ساڵی بەیەکەوە ڕێکخراون، ١٦ تا ١٨ ساڵیش بەهەمان شێوە بەرەو ژوریش، بەم شێوەیە هەڵمەتەکە ماوەی (٣) ساڵ بەردەوام بوە(جەزا، ٢٠٠٢: ٥)جگە لەوەی بنکەی شاورێ نەهێشتنی خوێندەواری یەکێک بوە لەو بنکانەی کە لە (٩) پۆل پێک هاتوە، هەمو فێرخوازەکانیش ژنان و کچانی گەڕەکەکانی شاری ڕانیە بون، (مریەم ئەحمەد ئاودەل) کە بەڕێوەبەری بنکەکە بوە دوای ئاوارە بونی لە ساڵی (١٩٧٦) لە ئێران بۆ ڕانیە گەڕاوەتەوە، بەشداری هەڵمەتی نەهێشتی نەخوێندەواری کردوە و قۆناغەکانی بڕیوە، تا پەیمانگای مامۆستایانی لە ساڵی (١٩٨٨) تەواو کردوەو بوە بە مامۆستا، بۆ ئەو مەبەستە ناوبراو نمونەی خۆی بۆ باس کردون و هانی داون لەو ڕۆژانە بۆ دەرچون لە نەخوێنداری و گەیشتن بە پلەی بەرز(بالیسانی، ژ٢٩٨٤، ٨ /٢٠٠٣/٢: ٩).

پاش دیاریکردنی ژمارەی خوێندکارەکان لە شارەکانی کوردستان، بۆ تەمەنی ١٠ ساڵی (١٠٢٩٦)کەس و بۆ ١٦ ساڵی (٩٥٤٦) کەس و بۆ ٢١ ساڵی(٣٠٧٦٩) کەس و بۆ ٤٦ ساڵی(٢٥٧٧٠) کەس دیاری کراوە، دوای ئەوەی هەڵمەتەکە لە (٢٠٠٢/١٠/١٥) دەستی پێکردوە، ئەو سەردەمە (١٢٦٥٣) کەس لە ڕانیە پەیوەندییان بە بنکەکانیان کردوە، ڕێژەی دەرچونیش لە ٩٥٪ بوە. بڕی (٢٠٠)دیناریش دراوە بە مامۆستاکان کە دەرسیان وتوەتەوە (کاکەڕەش، ژ٣١٣٣، ٢ /٢٠٠٣/٨: ٥)بەو هۆیەوە(٤٤١) مامۆستا لە ڕانیە بەشداری پرۆسەکە یان کردوە (کاکەڕەش، ژ٣١٧٩، ٢٢ /٢٠٠٣/٩: ٨).

**باسی سێیەم: دامەزراوە پەروەردەییەکان و ڕۆڵیان لە بواری پەروەردەدا:**

**١:ئامادەیی پیشەسازیی ڕانیە**

ئەم ئامادەییە لە ساڵی(١٩٨٤) دامەزراوە، لە سەرەتادا لە بەشەکانی(بازرگانی، کارەبا، کانزاکان)پێکهاتوە، سەرەتای دامەزراندنی ساڵانە نزیکەی(٢٠٠-٣٠٠) خوێندکاری وەرگرتوە، بەڵام لە ساڵی(١٩٩١)ەوە وردە وردە ژمارەی خوێندکاری وەرگیراو کەمدەکات، بۆ نمونە لە ساڵی(١٩٩٤) بەشی بازرگانی تەنها(٤) خوێندکاری هەبوە، بۆیە بە ناچاری داخراوە، دواتر تەنها بەشی پیشەسازی ماوەتەوەو ئەویش لاواز بوەو تەنها دو پۆلی هەبوە (بابەکر"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/١٢/١٦).بە بۆچونی (عەزیز حەمەد بابەکر) گۆڕینی زمانی خوێندن لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، کردنەوەی بەشەکانی (ئەلیکترۆنی، ئۆتومبێل و میکانیک... هتد)، و دامەزراندنی مامۆستای تایبەت بۆ وانەکانی و وەرگرتنی خوێندکارەکانی لە پەیمانگا و زانکۆکان، هۆکارێک دەبون بۆ بەسەرڕێ کەوتنەوەی ئامادەییە پیشەییەکان لە ڕانیە و شارەکانی تری کوردستان(بالیسانی، ژ١٦٦٧، ٣ /١٩٩٨/٨: ٤).چونکە سۆزو سەنگێک هەبو بۆ خوێندن لەم ئامادەیە پیشەییانە، بەو هۆیەشەوە نمرەی باشیشی تێدا هاتوە، بۆ نمونە ساڵی (١٩٩١) خوێندکار (شنۆ خالید مستەفا) لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی بە نمرەی(٩٣) لە بەشی ژمێریاری لە ئامادەیی پیشەیی لە ڕانیە یەکەم دەبێت (مستەفا "چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/١٢/٢٢).

خشتەی ژمارە (١٠)ڕێژەی کەمبونەوەی ژمارەی بەش و خوێندکاران نیشان دەدات لە ئامادەیی پیشەیی ڕانیە:

| ساڵانی خوێندن | بەش | (ژ.خ.کوڕ) | (ژ.خ.کچ) | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٩٢-١٩٩١ | بازرگانی | ٣٥ | ٥١ | ١٦٠ |
| | کارەبا | ٤٠ | ١١ | |
| | کارگێڕی | ١٨ | ١٢ | |
| | ژمێریاری | ٢٤ | ٩ | |
| ١٩٩٣-١٩٩٢ | کارەبا | ٤٧ | ٣٢ | ٩٦ |
| | بازرگانی | ١٧ | | |
| ١٩٩٤-١٩٩٣ | کارەبا | ٣٥ | ١٩ | ٤٤ |
| | بازرگانی | ٤ | | |
| ١٩٩٥-١٩٩٤ | کارەبا | ١ | ١٦ | ٤٤ |
| | بازرگانی | ٢٥ | ٢ | |
| ١٩٩٦-١٩٩٥ | کارەبا | ٤١ | ٣٢ | ٧٣ |
| ١٩٩٧-١٩٩٦ | کارەبا | ٤٠ | ٢٢ | ٦٢ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٩٨-١٩٩٧ | کارەبا | ٢٨ | ١٨ | ٤٦ |
| ١٩٩٩-١٩٩٨ | کارەبا | ٣٩ | ٢٦ | ٦٥ |
| ٢٠٠٠-١٩٩٩ | کارەبا | ٤٣ | ٣١ | ٧٤ |
| ٢٠٠١-٢٠٠٠ | کارەبا | ٤٩ | ٣٥ | ٨٤ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠١ | کارەبا | ٥٢ | ٣١ | ٨٣ |
| ٢٠٠٣-٢٠٠٢ | کارەبا | ٦٠ | ٣٦ | ٩٦ |

(کاری توێژەر بە پشت بەستن بە ئەرشیفی ئامادەیی پیشەیی ڕانیە، لە ڕۆژی (2024/12/16).

لەم خشتەیەوە دەردەکەوێت تا ڕاپەڕین بەشەکانی: (بازرگانی، کارەبا، کارگێری، ژمێریاری) لە ئامادەییەکە هەبون ئەمەش دەوڵەمەندیی ئەو ئامادەییە نیشان دەدات لە ڕوی جۆرییەوە، ژمارەکەشی کەم نەبو بە بەراورد بە ساڵەکانی دواتر، بەڵام دواتر بەشەکان لە (٤) بەشەوە وردە وردە دەبێتەوە بە (١) بەش، ئەمەش هەنگاوی چونە دواوەیە لە هەوڵی نەهێشتنی ئەم بەشە پیشەییانە لە شارەکە، ئەگەر سەیری ئەم خشتەیەش بکەین دەبینین ژمارەی کچان لەم ئامادەییە کەم نەبوە، ئەگەرچی ژمارەی کوڕان هەمیشە زۆرتر بون.لێرەوە بە پیشە نەبون و گەشەنەسەندنی پیشەکانیش لە شارەکە بەشێکی پەیوەستە بە کەم نوزەیی و بروانەبون بە ئامادەییە پیشەییەکان کە لە پێچەوانەکەیدا دەکرا سودی زۆر لەم ئامادەییە وەربگیرێ بۆ گەشەسەندنی ژیانی پیشەگەری لەشارەکە.

**٢:کردنەوەی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان:**

لە دوای ڕاپەڕین گەشەیەکی جۆری لە ژمارەی خوێندکاران و پێویستی کردنەوەی قوتابخانە لە گوندەکان و گواستنەوەی دەوامی بەشێک لە مامۆستایان لە ناوەندی شار بۆ گوندەکان، وایکرد بۆشایەکی گەورە لە ژمارەی مامۆستایان لەناوەندی شاری ڕانیە دروست بێ، بۆیە بیر لەوە کرایەوە پەیمانگای مامۆستایان لە شارەکە بکرێتەوە، ئەوە بو لە ڕۆژی(١٩٩٦/٥/٧)پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان لە ڕانیەکرایەوە، کردنەوەی ئەم پەیمانگایەش هاوکات بو لەگەڵ ئەوەی شارەکە بۆ یەکەمین جاری بو شایەنی ئەو خزمەتە پەروەردەییە بێت، بۆیە کردنەوەی ئەم پەیمانگایە گرنگیەکی گەورەی هەبوە بۆ شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری(فارۆق، ژ٥٢، ١ /١٩٩٧/١٠: ٥).

لە سەرەتادا پەیمانگاکە لە سێ بەش پێک هاتبو ئەوانیش (ئینگلیزی، کۆمەڵایەتی، بیرکاری)، لە ساڵی یەکەمدا ناوی(٢٠٠) خوێندکار لە پەیمانگاکە دەرچوە لە ساڵی (١٩٩٨) بەشەکانی (زمانی عەرەبی، کوردی)ش کراونەتەوە، (سەپان، ژ١٣٧٩، ١٦ /١٩٩٧/٦: ٤) هەروەها ساڵی (١٩٩٩) بەشی (وەرزش)و ساڵی(٢٠٠٢)بەشی باخچەی ساوایانیش زیادکراوە. بەمەش پەیمانگاکە (٧)بەشی لە خۆی گرتبو، ئەوانیش (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، کۆمەڵایەتی، وەرزش، بەشی باخچەکان، بیرکاری و زانست). (اسماعیل"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٥/١/٩؛ قادر"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/٩/٢٥).هەر وەک لەو خشتەی خوارەوەدا ژمارەی خوێندکارانی وەرگیراو لە نێوان ساڵانی(١٩٩٦-٢٠٠٤) خراوەتەڕو:

خشتەی ژمارە(١١)، ژمارەی خوێندکارەکانی پەیمانگای مامۆستایانی ڕانیە لە ساڵانی(١٩٩٦-٢٠٠٤) دەخاتە ڕو:

| ساڵی خوێندن | (ژ.خ.کچ) | (ژ.خ.کوڕ) | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ١٩٩٧-١٩٩٦ | ٦٢ | ١٠١ | ١٦٣ |
| ١٩٩٨-١٩٩٧ | ١١٨ | ٩٩ | ٢١٧ |
| ١٩٩٩-١٩٩٨ | ٩٥ | ١١٦ | ٢١٢ |
| ٢٠٠٠-١٩٩٩ | ١٣٨ | ١٣١ | ٢٦٩ |
| ٢٠٠١-٢٠٠٠ | ١٣٠ | ١٤٧ | ٢٧٧ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠١ | ٨٠ | ١١٧ | ١٩٧ |
| ٢٠٠٣-٢٠٠٢ | ٩٣ | ١١٥ | ٢٠٨ |
| ٢٠٠٤-٢٠٠٣ | ٨٢ | ٧٥ | ١٥٧ |

(کاری توێژەر بە پشت بەستن بە ئەرشیفی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیە، لەڕۆژی(2024/١٠/3).

بە تێڕوانین و وردبونەوە لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ساڵی(٢٠٠٣) ژمارەی خوێندکارە وەرگیراوەکان لەم پەیمانگایە کەم بوە، سەبارەت بە هاوسەنگی ڕێژەی کچ و کوڕان دەردەکەوێت ڕێژەی کچانیش لەگەڵ کوڕان لەم پەیمانگایە نزیک بوە لەگەڵ یەک تا (٢٠٠٣). هەروەها ساڵی(٢٠٠٠) بەشی وەرزش کەمترین خوێندکاری هەبوەو بەشی کۆمەڵایەتیش زۆرترین خوێندکار، بەشەکانی تریش ئاسایی بون(بالیسانی، ژ٢٦٦٨، ٨ /٢/١٩٩٢-٢٠٠٢: ٩).

تا ساڵی(٢٠٠٤) زیاتر لە (١٢٠٠) خوێندکار لەو پەیمانگایە دەرچونەو بڕوانامەی دیبلۆمیان وەرگرتوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ساڵی (٢٠٠٣) بە ڕەسمی بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردە پەیمانگاکە دەگوازرێتەوە سەر وەزارەتی ناوبراو، دیارە کێشەی نەبونی بینای تایبەت بە خۆیان لەگەڵ نەبونی بەشی ناوخۆیی لە سەرەتادا هەبوە کە یەکێ بوە لەکێشە سەرەکییەکانیان، پەیمانگاکە ساڵانە خوێندکارێکی زۆری بۆ هاتوە، پاشان ساڵ بە ساڵ ژمارەی خوێندکارەکانی لەو سەردەمە بەرەو زیادی چوە، تاوایلێهاتوە لەبەر زۆری ژمارەی مامۆستایانی سەرەتایی و کەم بونەوەی مامۆستای ناوەندی و دوا ناوەندی، نەویستراوە ژمارەی زۆر وەربگرن(گۆڤاری ڕانیە، ژ١٠،کانونی دوەم/٢٠٠٤: ٢٢).

دوای پێنج ساڵ لە دامەزراندنی پەیمانگاکە، ئەم پەیمانگایە کێشەی شوێن و کەمی ژمارەی مامۆستای هەبوە، کێشەی نەبونی ئامێری پێشکەوتوی وەکو (کۆمپیتەر، کۆپی، ڕۆنیۆ، تاقیگەو...تاد) بەشێک بون لە وەستانی گەشەی پەیمانگاکە، هەروەها تا ساڵی(٢٠٠٠) پەیمانگاکە بەشی ناوخۆیی نەبوە، بەناچاری خانویەکیان بە کرێ گرتوە، کەلە (١١) ژور پێکهاتوەو (٥٠) خوێندکاری تێدا ژیاوە، ئەمەش کەموکورتییەکی گەورە بوە بۆ پەیمانگاکە و گرفتێک بوە (بالیسانی، ژ٢٣١٠، ٢٢/ ١٠/٢٠٠٠: ٥).پەیوەست بە چالاکییەکانی پەیمانگاش، ساڵانە هەستاوە بە ئەنجامدانی فیستیڤاڵی ساڵانە، بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی (١٩٩٩) پێشانگایەکی بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ کردۆتەوە، بەرهەمی خوێندکارەکان و کەل و پەلی کۆنی کوردەواری تێدا نمایش کراوە لەگەڵ نمایشی وەرزشی هەمەجۆر لە لایەن خوێندکارەکانەوە(کوردستانی نوێ، ژ١٨٥٢، ٤/ ١٩٩٩/٥: ٦). لە ڕۆژی(٢٠٠٢/٥/٧)پێنجەمین فیستیڤاڵی پەیمانگاکە کراوە، چەندین چالاکی وەرزشی تێدا ئەنجام دراوە، دواتر لە(٢٠٠٢/٥/٨)، لە هۆڵی ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی ڕاپەڕین چالاکی هونەری و زانستی ئەنجام دراوە(دوکانی، ژ٢٧٥٣، ١٢/ ٢٠٠٢/٥: ١٠-١٢).

**٣: کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ڕانیە:**

دوای فراوانبونی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکان و زیادبونی ژمارەی مامۆستایان و کارمەندان و خوێندکاران و کردنەوەی قوتابخانە لە گوندەکانی دەوروبەری ڕانیە، ئەمەو بە مەبەستی ئاسانکردنی ئیش و کاری کارگێڕی

ڕۆژانە بۆ مامۆستایان، بڕیاردرا لە ڕۆژی(1997/2/16) بە کردنەوەی بەڕێوەبەریەتی پەروەردەی ڕانیە((ڕێگای کوردستان، ژ ١٠، ١٩٩٧/١٢/٢٢: ٢). ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەردو قەزای قەڵادزێ و ڕانیە و دەوروبەری لەخۆ گرتوە و سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بوە، کاروباری پەروەردە و فێرکردن لە سنوری (ڕانیە، خەلەکان، پشدەر، بنگرد، بناری کۆسرەت) بەڕێوەبراوە (کوردستانی نوێ، ژ ١٦٤١، ١٩٩٨/٦/٢٤: ٤).

لە دوای کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە لە ساڵی (١٩٩٧) (٨) سەرپەرشتیاری پەروەردەیی نیشتەجێ و (٤) سەرپەرشتیاری پسپۆڕی نیشتەجێ و لەگەڵ کردنەوەی خولێک بۆ دەرچوانی ئامادەییەکان، کە ژمارەیان نزیکەی(٤٠٠) مامۆستا بوە، بۆ ئەوەی لە گوندەکان داوام بکەن لەگەڵ (١٢٠) کورسی لە ناوەندەکانی خوێندن لە ڕانیە دابەشکراوە، لەم ساڵەدا دو خول بۆ مامۆستایانی زانست و ئەلف و بێ لە شاری ڕانیە بە هاوکاری یەکەی ڕاهێنانی سلێمانی کراوەتەوە(ڕێگای کوردستان، ژ ٢٨٠، ١٩٩٧/١٢/١٠: ٢).دەتوانرێ بگوترێت لە ساڵانی (١٩٩٧) بە دواوە گەشەکردنێکی هەمەلایەنە پرۆسەی پەروەردەی لە ڕانیە و کوردستان بە گشتی گرتوەتەوە(عەلی، ژ ١٦٢، ١٩٩٩/١٢/٦: ٣).

لە مانگی(1997/7)بیر لەوە کراوەتەوە کە چۆن قوتابخانەی لادێکان ئاوەدان بکرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستە بڕیار دراوە دەرچوانی (ئامادەیی پیشەیی، ئامادەیی بازرگانی، ئامادەیی پیشەسازی، ئامادەیی زانستی، ئامادەیی وێژەیی، ئامادەیی کشتوکاڵ) خولێکی (٤٥) ڕۆژەیان بۆ بکرێتەوە بە مەبەستی دامەزراندنیان وەک مامۆستا، لەسەر ئەو بنەمایە لە ڕۆژی (1997/11/8) دەستی پێکردوەو تا(١٩٩٧/١٢/٨)بەردەوام بوە، خولەکە لە دو شوێنی ڕانیە بوە، یەکیان لە بینای قوتابخانەی ڕانیەی سەرەتایی تێکەڵاو، ئەویتریان لە قوتابخانەی ماکۆک بو، دوای بانگەواز (٨٠٠-١٠٠٠)دەرچو ئامادەبون، سەرپەرشتیاری خولەکەش (ڕەسوڵ محمد عەلی) بو لەو سەرپەرشتیارانەی توانایان هەبوە ڕێگەکانی وانە وتنەوە، دەروناسی، هونەری ئیدارەداریان پێ گوتون. خولەکە ناوی (خولی ئامادەکردنی مامۆستایان) بوە، مامۆستاکانیش بە (مامۆستایانی خولی ڕانیە) ناوبانگیان پەیدا کرد، دەرچوانیش ڕاستەوخۆ دەکران بە مامۆستا و بەڵێننامەی (٥-٨) ساڵیان پێ پڕکردونەتەوە،کە دەبێ لە لادێکاندا وانە بڵێنەوە، دواتر دەنێردران بۆ (دۆڵی ئاکۆیان، دۆڵی شاورێ، دۆڵی خۆشناوەتی، دۆڵی جافایەتی، پشتدەر و ناوچەکانی دەوروپشت). ئەم کارە پەروەردەییە ئامراز بوە بۆ زیادکردنی مامۆستا و ئاوەدانکردنەوەی ژیانی پەروەردەیی لە گوندەکانی دەوروبەری شاری ڕانیە لەو کاتە و بڕیارێکی بەجێ بوە (کەریم "چاوپێکەوتن"، 2024/9/16). ئەمەو دامەزراندنی ئەم پۆلە مامۆستایە وایکرد چیتر پێویست نەکات لە شوێنەکانی تر مامۆستا بۆ ڕانیە و دەوروبەری بهێندرێت، بەڵکو بە کادیری ناوچەکە ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە کە ساڵانێك بو دروستببو(مصطفى"چاوپێکەوتن"، 25/ 12/ 2024).

سنوری بەڕێوەبەرایەتییەکە فراوان بوە، کە(155) خوێندنگە و (47000) خوێندکاری لە ئەستۆدا بوە، بۆیە لە ساڵی (1997) دوای کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، کار لەسەر ڕێکخستنی میلاکات کراوە، هەوڵی دامەزراندنی (400) مامۆستا دراوە بۆ گوندە دورەکانی سنوری پەروەردەکە، لەگەڵ کردنەوەی چەند خوێندنگەیەکی سەرەتایی و ناوەندی بۆ گوندەکان (ڕاوچی،ژ ٥٩، ١٩٩٧/١١/١٥: ٢).لەم سۆنگەیەوە لە ڕۆژی(١٩٩٨/١/١٥)بڕیار دراوە بە دامەزراندنی (٣٠) لەو کەسانەی لە خولە یەک مانگییەکە بەشداربون و وەک مامۆستای سەرەتایی دامەزران (ب. پ. سلێمانی، ١٩٩٨). هەر لە درێژەی ئەو دامەزراندنانەی کە لە ئەنجامی ئەو خولەی کە لە ڕۆژی 11/8 تا 1997/12/8 کرایەوە و بەشداربیان تێداکرد، بە نوسراوی ژمارەی (٣٩٧٠) لە ڕێکەوتی(1998/3/5) بڕیار دراوە بە دامەزراندنی (٧٦) مامۆستایتر و پەیوەندییانکردنیان بە شوێنەکانیان (ب.گ.پ.سلێمانی، ژ، (٣١٦١):١٩٩٨/١٢/٢٢).

یەکێک لە گۆڕانکارییەکانی ژیانی کارگێری لە دەزگای پەروەردەیی بەرزکردنەوەی پەروەردەی ڕانیە بو بۆ (بەڕێوبەریەتی گشتی)، ئەمەش لە کۆبونەوەی ڕۆژی(٢٠٠١/٢/٧)ی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی ئەو کات بڕیاریدا پەروەردەی ڕانیە بکرێتە (بەڕێوبەریەتی گشتی پەروەردەی ڕانیە)، بە هۆی ئەوەی پشدەر و بیتوێن و خەڵەکان لەو سەردەمەدا سەر بە پەروەردەی ڕانیە بون، ژمارەی خوێندکار و مامۆستا زیادیکردبو، بۆ نمونە (٦٣٠٠٠) قوتابی و خوێندکار و (٣٣٥) قوتابخانە و خوێندنگا و (٢٢٠٦) مامۆستا هەبو، جگە لەوەی ناو شاری ڕانیە (٢) پەیمانگای تێدا بوە، بۆیە کردنەوەی ئەو دەزگا پەروەردەییەو کردنی بە بەڕێوبەرێتی گشتی پەروەردەی ڕاپەڕین کارێکی گرینگ بوە لە باشتر ڕاپەڕاندنی کارە پەروەردەیەکان لە سنورەکە(کەریم"چاوپێکەوتن"، 2024/9/16).

لەساڵانی خوێندنی (٢٠٠١-٢٠٠٢) هەندێک لە قوتابخانە دورە دەستەکانی دەوروبەری ڕانیە بە هۆی نەبونی بینای قوتابخانە داخراون، ئەگەرچی لەو ساڵەدا حکومەتی هەرێم (٦) بینای سێ پۆلی خستە بواری دروستکردنەوە، بەڵام گرفتەکانی بێ بینایی یەکێ بوە لە کێشە گەورەکانی ئەو سەردەمەی پەروەردە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ڕێژەی دەرچون بۆ سەرەتایی، لە ساڵی (٢٠٠٠) ٨٥، ٨٨ ٪ بوە، هەروەها لە ساڵانی(٢٠٠١-٢٠٠٢) ٧٣، ١١ ٪بوە، لە کاتێکدا (٧) قوتابخانە ڕێژەی دەرچونی لە ١٠٠٪ بوە، قۆناغی ناوەندیش لە ٥٠،٨٤٪ بوە، بەڵام دەتوانرێ بوترێ لەبەر ئەوەی بەڕێوبەریەتی پەروەردەی سلێمانی لەگەڵ ئەوەی کەمتەرخەم نەبوە، بەڵام نەیدەتوانی کۆنترۆڵی گشت پەروەردەکان و ناوچەکان بکات، بۆیە کردنەوەی بەڕێوبەریەتی گشتی لە ڕانیە زۆر پێویست بوە، لە شوێنی خۆیدا بوە. (ئامانج، ژ٩، ٢٠٠٢/٩/١١: ٢؛ دوکانی، ژ٢٤٨٨، ٢٠٠٢/٦/٢٥: ٣)

پێشانگای ساڵانەی هونەری خوێندنگاکانی ڕانیەش جۆرێک بوە لە چالاکییە هونەرییەکان کە لە ژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە ساڵانە ئەنجامدراوە، ئەوەتا لە ڕۆژی(٢٠٠٠/٣/٤)لە هۆڵی قوتابخانەی ناوەندی ڕانیەی کوڕان پێشانگای ساڵانەی خوێندنگاکانی ناوشاری ڕانیە کراوەتەوە، هەمو خوێندنگاکان بەشدارییان تێدا کردوەو بەرهەمەکانی خوێندکاران و قوتابخانەکانیان تێدا نمایش کردوە(ڕاگەیاندنی قایمقامییەت، ژ٥، نیسانی /٢٠٠٠: ٩-١٠)

فیستیڤاڵەکانی ساڵانەش کە لە ڕانیە بەڕێوەدەچو، لە ژێر سەرپەرشتی بەشی چالاکییە هونەری و وەرزشییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لەسەر ئاستی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی ئەنجامدراوە(فەتاح"چاوپێکەوتن"، 2024/9/17).دیارە ئەم فیستیڤاڵانە چالاکییەکی وزە بەخش بوە بۆ خوێندکاران، بۆیە ئەم پرۆسە پەروەردەییە ساڵانە بەردەوام بوە، بۆ نمونە لە ڕۆژی(٢٠٠٠/٤/٢٥)فیستیڤاڵێکی وەرزشی سازدراوە، هەمو خوێندکارە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکان تێیدا بەشدار بونە و خەڵاتی سەرکەوتوەکان کراوە(ڕێگای کوردستان، ژ٤٠١، ١٠ی ئایاری /٢٠٠٠: ٧). هەروەها ساڵی (٢٠٠٢) فیستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانە و خوێندنگاکان وەک بەشێ لە جوڵانەوەی پەروەردەیی بەڕێوەچوە، بە بەشداری گشتی ناوەندەکانی پەروەردەیی، چالاکی وەرزشی هەمەجۆر سازدراوە، خەڵات دراو بە براوەکان(دوکانی، ژ٢٧٤٢، ٢٠٠٢/ ٤/٢٩: ١٠).

هەروەها بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە لە چالاکییەکی دیکەی وەرزشیدا بۆ یاری تۆپی پێ و باڵەدا کە بۆ سەرجەم خوێندنگاکان و لە سێ گروپدا ساڵانە ئەنجامی داوە، بۆ قەڵادزێ و ناوەندی ڕانیە و چوارقوڕنە و حاجیاوا، لە گروپی دوەمدا کە بۆ هەمو خوێندنگاکانی ناوەندی و ئامادەیی شاری ڕانیە بوە(فەتاح، ژ٤٠٤، ٥/١٩ /٢٠٠١: ٧).ئەمەو لە (٢٠٠٣/٣/١٠)خولی تیپی تۆپی دەستی بۆ پەروەردەکانی (سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، ڕانیە) کراوەتەوە، وەک بەشێك لە کاری پەروەردەیی بۆ جوڵانەوەی وەرزشی، تێیدا لە کچاندا ڕانیە دوەمی خولەکە بون(کەمال، ژ٣٠١٠، ٢٠٠٣/٣/١٢: ١١؛ کەمال، ژ٣٠١١، ٢٠٠٣/٣/١٣: ١١).

ئەنجامدانی پێشانگای قوتابخانە و خوێندنگاکانیش لە شارەکە، بۆ برەودان بە ژیانی هونەری و فەرهەنگی خوێندکارەکان بوە، زۆربەی پێشانگاکانیش لە هۆڵی خوێندنگای ناوەندی ڕانیەی کوڕان بەڕێوە چونە، بە هۆی گونجاوی شوێنەکەی کە هۆڵێکی داخراوی گەورەی هەبوە(دوکانی، ژ٣٠٦٣، ٥/١٢ /٢٠٠٣: ١٢).بۆ ئەو مەبەستە بەشی چالاکییە هونەرییەکان لە پەروەردەی ڕانیە هەر لە سەرەتای کردنەوەی پەروەردەکە چالاکانە برەوی بە چالاکیە هونەرییەکان داوە لە شارەکە(ئازاد، ژ٩٨، ٧/١٥ /٢٠١٠: ٦)، بۆ نمونە بەشی چالاکی هونەری قوتابخانە و خوێندنگاکان لە ڕۆژی(٢٠٠٣/٥/١٠) پێشانگای ساڵانەی هاوبەشی بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٠٢-٢٠٠٣)لە ڕانیە کردۆتەوە، کەتیایدا هەمو قوتابخانە و خوێندنگاکان بەشدارییان کردوە(گۆڤاری ڕانیە، ژ٥، ئابی ٢٠٠٣/٢٠٠٣: ١٢).

**٤: پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە**

یەکێک لە دەستکەوتەکانی ژیانی پەروەردەیی، کە کاریگەرییەکی باشی بەسەر ئەو کەرتە جێیهێشت، پەیمانگای هونەرە جوانەکان بو، ئەم پەیمانگایە بە پێی فرمانی وەزارەتی پەروەردە ژمارە(٤٣٨٨) لە(٢٠٠٠/٧/٢٢)، بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بەژمارە (١٤٢٣٥)لە (٢٠٠٠/٨/١)بڕیاری کردنەوەی دەدرێت، دواتریش پەیمانگاکە لە (٢٠٠٠/١٠/٢٤) بۆ یەکەمجار دەکرێتەوە لە شارەکە (ب.گ.پ، سلێمانی، ژ(١٤٢٣٥)، ٢٠٠٠/٨/١؛کوردستانی نوێ، ژ٢٢٨٦، ٢٠٠٠/١٠/٢٥: ٣؛ بالیسانی، ژ٢٣٨٧، ٢٠٠١/٢/٢٤: ٥).

لە سەرەتادا لە دو بەش پێکهاتوە، ئەوانیش بەشەکانی (شێوەکاری، مۆسیقا)، بەشی شێوەکاریش چوار لقی هەبوە (وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، سیرامیک، گرافیک) (گردەجانی، ژ١١٠، ٢٠١١/٢/١٧: ٦).لە گەڵ (٩) مامۆستاو (٤)ی وانەبێژ. ئەم پەیمانگایە سەرچاوە بوە بۆ پێگەیاندنی کادری هونەری و ئەکادیمی لەبار بۆ شارەکە و دواجار بۆ ناوچەکەش(ڕەسول، ژ٣٥٢، ٢٠٠١/٢/٢٥: ٣).دیارە بۆشاییەکی گەورە لە بواری هونەری لە زۆربەی قوتابخانەکان لەو سەردەمە بونی هەبوە، ئەمەو لەگەڵ بونی پێشینەکی گەورەی هونەری لە شارەکە، وایکرد بێ بە پێویستی بۆ شارەکە (گردەجانی، ژ٢٦٦٠، ٢٠٠٢/١/١٧: ٥).

لەسەرەتای دامەزراندنییەوە، پەیمانگاکە بە هۆی نەبونی شوێنی تایبەت بە خۆیان چەندین شوێن گۆڕکێی کردوە، بە جۆرێک شوێنی یەکەمی پەیمانگاکە لە باخچەی منداڵانی ڕانیە بوە، دواتر جێگەی قوتابخانەی کێوەڕەش، پاشان دێتە شوێنی ئێستای کە بینایەکی کۆنی سەردەمی پێش ڕاپەڕینە(ئیسماعیل"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٥/٢/١)، ئەمەش کۆسپێکی گەورەی بەردەم گەشەسەندنیان بوە(نامیق، ژ٢٩١٤، ٢٠٠٢/١١/١٣: ٤).

بە گشتی پەیمانگا لەماوەی سێ ساڵی دامەزراندنیدا ژمارەی خوێندکاری وەرگیراو بەم شێوەیەی خوارەوە بوە:

**خشتەی ژمارە (١٢)، ژمارەی خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە لە ماوەی دروستبونیدا تا (٢٠٠٣)**

| ساڵی خوێندن | وەرگیراوان لە(مۆسیقا) | وەرگیراوان لە(شێوەکاری) | تێکڕا |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٠-٢٠٠١ | کچ/٧<br>١٥<br>کوڕ/٨ | کچ/١٠<br>١٧<br>کوڕ/٧ | ٣٢ |
| ٢٠٠١-٢٠٠٢ | ١٦ | ٢٣ | ٣٩ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٣ | ١٥ | ٢٠ | ٣٥ |

(بالیسانی،ژ٢٦٦٠، ٢٠٠٢/١/١٧: ٥ ؛ ڕاپەڵ، ژ٢، ٢٠٠٢/١٠/١٠: ١).

**باسی چوارەم: کاریگەری بڕیاری(٩٨٦)لەسەر ڕەوشی پەروەردە:**

لە دوای بڕیاری بڕیاری 986 (نەوت بەرامبەر بە خۆراک)، گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سەر ژیانی خەڵک و لە بواری پەروەردە هەبوە، لەبەرئەوەی بەشی زۆری قوتابخانەکان پێداویستی قوتابخانەکان لە لایەن ڕێکخراوەکانی یونسێف و یونسکۆوە لەدوای ساڵی خوێندنی(١٩٩٥-١٩٩٦) دابین کراوە (قادر"چاوپێکەوتن"، ٢٠٢٤/٩/٢٥).هەروەها لە ساڵی (١٩٩٧) لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک چاپخانەیەک لە شاری سلێمانی دانرا، لە لایەن ڕێکخراوی یونسێف و یونسکۆ، بۆ کاری چاپکردنی کتێب و یارمەتیدانی ژیانی پەروەردەیی لە سنورەکە کە بێ گومان شاری ڕانیەش سودمەندی ئەو چاپخانەیە بوە(هەرێمی کوردستان، ژ٢٧، ١٩٩٧/٤/٢: ٢). لە ساڵی (١٩٩٨) ئەو پرۆژانەی کە بە بودجەی (٩٨٦) لە شارەکە ئەنجام دراون بریتی بوە لە (٤) قوتابخانەی دوانزە پۆلی، چاکردنەوەی (٩) خوێندنگە، (١٠٣) مامۆستاش لەو ساڵەدا دامەزرێندراون(کوردستانی نوێ، ژ٢١١٦، ١٩٩٨/١٢/١٣: ٤).هەروەها لە (1998/ 11/24)لەسەر بڕیاری (٩٨٦) خوێندنگەی (ژیاری سەرەتایی) دروست کرا، لەگەڵ نوێکردنەوەی (٥) خوێندنگەی تر لە ناوەندی شاری ڕانیە(کوردستانی نوێ، ژ١٧٤٩، ١٩٩٨/١١/٢٥: ٤). لەبەر کێشەی کەمی بیناش لەو سەردەمە، هەوڵدراوە لە چوارچێوەی بڕیاری (٩٨٦)، چەند پرۆژەیەکی پەروەردەیی کاریان لەسەر بکرت، لەوانە، قوتابخانەی (ڕانیە- سەیداوە)، (ڕانیە -چوارقورنە)، هەروەها (١٩) بینای تر بۆ هەردو قەزای ڕانیە و پشدەر لە قۆناغی (٤) دا بونە بۆ دروستکردنی، (٢٠)قوتابخانە لەو ساڵە و لە وەرزی هاوین لە قۆناغی چاکردنەوەدا بونە(ڕاوچی، ژ٥٩، ١٩٩٧/١١/١٥: ٢).

دیارە لەو سەردەمەدایە پارێزگای سلێمانی بە گشتی لە ساڵی (١٩٩٨)دا لە جێبەجێکردنی بڕیاری (٩٨٦)دا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بەدواداچون و هاوکاریکردنی ڕێکخراوەکانی UN و دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی سنورەکە(پارێزگای سلێمانی، ١٩٩٩: ١٣٩). ئەرکی ئەم بەڕێوەبەرایەتییەش قورس بوە، ساڵی (١٩٩٩)لە کۆی خوێندنگە سەرەتاییەکانی لە سنوری بەڕێوەبەرایەتییەکە (١٨٥) خوێندنگا بوە، (٧٥٨٣) خوێندکار تێیدا خوێندویانە. (١١٩٣) مامۆستای بۆ تەرخان کراوە، (٢١) خوێندنگای ناوەندی، (٩) خوێندنگای دوا ناوەندی، (٦) خوێندنگای ئامادەیی، (٢) پاشکۆو پەیمانگای مامۆستایان، ژمارەی خوێندکارەکان بە گشتی (٧٩٣٩) خوێندکار بو، (٣٣٨) مامۆستا وانەیان وتۆتەوە. هەروەها ڕێکخراوی (SCF)ی بەریتانی(٣٠٠٠) ڕەحلەی دابین کردوە(ڕەنجاو، ژ١٨٣٥، ١٩٩٩/٤/١١: ٢).لەهەمان کاتدا لە(١١/٣/ ١٩٩٩)خوێندنگای ماکۆکی سەرەتایی تێکەڵاو لەسەر بڕیاری (986) نوێ کراوەتەوە، خوێندنگەیەکی شەش پۆلییش لەگەڵ خانوی مامۆستا لە(١٩٩٩/١٢/٤)دروست کراوە، لەگەڵ نوێکردنەوەی باخچەی ساوایانی ڕانیە لە (2000/1/26)،کە تا ئەو بەرواره باخچەکە بە داخراوی ماوەتەوە، (ڕاگەیاندنی قایمقامییەت، ٢٠٠٠/١/١٧: ٩-٣٧).

ساڵی (٢٠٠٠)، خوێندنگەیەکی تری 12 پۆلی لە گەڕەکی کێوەڕەش لە چوارچێوەی بڕیاری (٩٨٦) بە بڕی (١٠٧) هەزار دۆلار کە ڕێکخراوی هابیتات ئەنجامی داوەو دروستکراوەو لە ڕێکەوتی(2000/4/25) قوتابخانەکەش کراوەتەوە(مستەفا،٢٠٠/٤/٢٧/٢٠٠٠: ١؛ ڕاگەیاندنی قایمقامییەت، ژ ٥، نیسانی٢٠٠٠: ١٣).هەروەها لە ساڵی(٢٠٠١) بە بڕی (190,000) دۆلار قوتابخانەیەکی دوازدە پۆلی لەسەر بودجەی بڕیاری(٩٨٦) بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی یونسێف دروستکراوە(سەلام، ژ٣٥١، ٢٠٠١/٢/٢٤: ١). هەر لەو چوارچێوەیەدا، بەپێی بڕیاری (٩٨٦) ساڵی (٢٠٠٢) قوتابخانەی (یەکێتی سەرەتایی) بە بڕی (81,000) دۆلار نوێکراوەتەوە (دوکانی، ژ٢٠، ٢٧٢٠/٤/٣، ٢٠٠٢: ٣). هەروەها بڕیاری دابینکردنی ئوتومبێل بۆ دیوانی پەروەردە دراوە(کوردستانی نوێ، ٢١١٦، ٢٠٠٠/٤/١٠: ٣)، ئەمەش هۆکارێک بوە بۆ ڕایکردنی ئیش و کارە کارگێڕییەکان. ساڵی (٢٠٠١) هەر لەسەر بڕیاری (٩٨٦) بە بڕی(96000)دۆلار بینای خوێندنگای ناوەندی ڕانیەی کوڕان نوێکراوەتەوە.ئەگەرچی ئەم ناوەندییە لەو سەردەمەدا پێویستی بە تەختەو و کورسی هەبوە، بەڵام نوێکردنەوەکەی هەوڵێکی گرینگ بوە(مستەفا، ژ٤٠٤، ٢٠٠١/٥/١٣: ٢). بینای سەندیکای

مامۆستایان و دروستکردنی بینای پەیمانگای مامۆستایان، پەروەردە، گەنجینە و شوێنی چالاکی قوتابخانەکان خراوەتە نۆبەتی(٦، ٧، ٨)هەروەها لە هەمان ساڵدا لە(٢٠٠١)دا (٥٩)هەزار تەختە بۆ خوێندنگەکانی ڕانیە و دەوروبەری دابین کراوە لە لایەن یونسێفەوە لەسەر بڕیاری(٩٨٦)(هەرێمی کوردستان، ژ٤٠٦، ٢٠٠١/٥/٢١: ٢).هەروەها ڕێکخراوی هابیتات هەستاوە بە چاکردنەوەی ناوەندی دەروازەی ڕاپەڕینی کچان لە ڕانیە(کوردستانی نوێ، ژ٢٢٧٢، ٢٠٠٠/٢/٩: ٣؛ عەبدولواحیدەوە، ژ٢٧٣٧، ٢٠٠٢/٤/٢٣: ١١). ساڵی (٢٠٠٢) قوتابخانەیەک لە گەڕەکی ڕاپەڕینی ڕانیە دروست کراوە، ئەم قوتابخانەیە و قوتابخانەی بیتوێنیش بە بڕی(91,537)دۆلار کە ڕێکخراوی هابیتات پێی هەڵساوە نوێ کراوەتەوە (دوکانی، ژ٢، زستانی ٢٠٠٢: ١٠).

ساڵی (٢٠٠١) بەڕوبەری (٢٥٠٠)م٢، دەستکراوە بە دروستکردنی (بەشی ناوخۆیی بۆ خوێندکاران)بۆ هەمو قۆناعەکان، کە (١٥٦٠٠٠)دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، دو نهۆم و (٢٠) ژور بوە، ئەمەش هەوڵێکی گرینگ بوە بۆ کەمکردنەوەی کێشەیەکی گەورەی پەروەردەیی لەم شارە، کە ڕێکخراوی هابیتات لەسەر هەمان بڕیار ئەنجامی داوە، (عەبدولواحید، ژ٢٣٧٢، ٦/٢/ ٢٠٠١: ٣؛ سەلام، ژ٢٣٧٢، ٨/٤/ ٢٠٠١: ١).هەر لەسەر بڕیاری (٩٨٦) ئامادەیی پیشەسازی لە ڕانیە، بە بڕی (٧٠٠٠٠) دۆلار، لە ڕێگەی ڕێکخراوی هابیتاتەوە نوێ کراوەتەوە (عەبدولواحیدەوە، ژ٢٥٤١، ٢٦/٨/ ٢٠٠١: ٤).ساڵی (٢٠٠١) خوێندنگەیەکی نمونەیی دیکە لەسەر بڕیاری (٩٨٦)، لەسەر ڕوبەری (٢٧٣٠)م٢ دروستدەکرێت، خوێندنگەکە (١٥) پۆل و (4) تاقیگە و ژوری کۆمپیتەر و هۆڵێکی شانۆو (١٠) تەوالێت و ژوری مامۆستاو بەڕێوبەری لە خۆی گرتوەو لە ڕێگای ڕێکخراوەی هابیتات بە تێچوی (٢٧٨٦٢٦)دۆلار ئەنجام دراوە (کوردستانی نوێ، ژ٢٦٢٧، ٤/١٢/ ٢٠٠١: ٣).

پەرەسەندن و هەنگاوەکانی ناو بڕیاری (٩٨٦) ڕۆڵێکی ئێجگار ئەرێنی لە بواری ئاوەدانکردنەوەی شارەکانی کوردستاندا گێڕاوە،گۆڕانێکی چاوەڕواننەکراوی هێناوەتە ئاراوە، لە بارە ئابوری و فەرهەنگی و سیاسییەکەدا(قەڵادزەیی، ٢٠٠٥: ١٤٣)، بەڵام دیارە کێشەی کەمی بینا بەردەوام بوە، ساڵی (٢٠٠١)، سێ دەوامی نەک کەمی نەکردوە، بەڵکو زیادیکردوە، چونکە ژمارەی خوێندکار ڕو لە زیادبون بوە، لە سەرەتای نەوەدەکان ژمارەی بینای قوتابخانە زۆر کەم بوە، بۆیە ئەم کەمی بینایە بەردەوام بوە، ئەگەرچی بڕیاری(٩٨٦)کاری دیاری ئەنجام داوە لەو ڕۆژگارە(بالیسانی، ژ٢٦١٦، ٢١/١١/ ٢٠٠١: ٦)، بەڵام بەشێک لە کادیرانی پەروەردەیی پێیان وا بوە بڕیاری (٩٨٦)هێواش کاری کردوەو لە ئاستی ئەو گەشە و زیادبونەی خوێندکارو خوێندندا نەبوە لەهەمبەر چەندایەتیدا لەناوچەکە، بۆیە هەندێ دیاردەی وەکو سێ دەوامی درێژەی کێشاوە(هاووڵاتی، ژ٩٢، ٣٠/٩/ ٢٠٠٢: ٥). ئەمە جگە لەوەی کە لە بەرامبەر ژیانی کەسی مامۆستا هەنگاوی گرینگی نەناوە، هەروەها زۆر جاریش پێشنیار کراوە بە داهاتی ناوخۆ دەرگا و پەنجەرەی شکاو پێویستی تر لە قوتابخانەکان چاک بکرێتەوە، لەبەرئەوەی نە بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراک، نە حکومەتیش نەیتوانیوە ئەم پێویستیيانە پڕکاتەوە(سەپان، ژ٢٠٨٤، ٢٠٠٠/٢/٢٧: ٣).بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بە ڕوانین لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت کە بڕیاری(٩٨٦) کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕەوشی پەروەردە لە شاری ڕانیە هەبوە:

خشتەی ژمارە (١٣) تایبەتە بە بیناکردن و چاککردنی قوتابخانەکان بەپێی بڕیاری (٩٨٦) لە ڕانیە

| ب. گشتی پەروەردەی ڕانیە | | ڕێکخراوی هابیتات | | ڕێکخراوەکانی یونسێف، یونیسێف | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | حکومەتی هەرێم | دروستکرن | چاکردنەوە | دروستکردن | چاکردنەوە | دروستکردن | چاکردنەوە |
| ٢٠٠١ | - | ٨ | ٨ | - | ٢ | ٨ | ١٠ |
| ٢٠٠٢ | ٥ | ١٢ | ٩ | - | - | ١٧ | ١١ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | - | ٦ | ٨ | ٣ | ٢٢ | ٩ | ٣٠ |

(ساڵنامەکانی حکومەت، ٢٠٠١: ١٠٨؛ ٢٠٠٢: ١٥٦؛ ٢٠٠٣: ١١١).

ئەم خشتەیە دەریدەخات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی (٣) ساڵدا، تەنها (٥) قوتابخانەی دروستکردوە، ئەوەی تر لەسەر بڕیاری (٩٨٦) بوە، کە (٣٤) بینای قوتابخانە دروست کراوە، لەگەڵ (٥١) چاکردنەوە و نوێکردنەوەی بینا کۆنەکان، ئەمەش دەریدەخات جێدەستی بڕیاری(٩٨٦) بەسەر پەروەردەو ئاوەدانکردنەوەوە لەم شارە بەرچاوەو بەراورد ناکرێ بەرامبەر بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو سەردەمە.

ئەوەی پێویستە لە کۆتایی ئەم باسەدا بگوترێ، ئەوەیە کە بارودۆخی پەروەردە لە دوای ڕاپەڕین، بەرکەوتی لەگەڵ قەیرانی ئابوری و ئاسایش هەبو سەردەمێک پڕی بو لە قەلەقی بەرامبەر بە ئاینده و لەگەڵ کێشمەکێشمی سیاسی و سەربازی ناوخۆیی و دەرەکی، بەڵام پرۆسەکە بە هەمو کێشەکانیەوە بەردەوام بو، ڕێرەوی ئیدارەی ئەم کێشمەکێشمانەش مامۆستایان بون، کە لە گێژەنی نەداری و نیگەرانیدا ڕۆژی بەرێدەکرد، بەڵام نەسرەوت و بەردەوام بو. هەر لەبەر ئەم ماندوێتییانە لە ڕانیە لە ساڵی (٢٠٠٠)، (ئەنجومەنی شاری ڕانیە) بڕیار دەدات گەڕەکێکی شارەکە بەناوی (گەڕەکی مامۆستایان)ەوە ناو بنێت(کوردستانی نوێ، ژ٢٣١٥، ٢٠٠٠/١١/٢٨: ٣).

سەرباری ئەوەی کێشەکانی پەروەردە لە شارەکە زیاتر خۆی دەبینییەوە لە نەبونی بینای خوێندنگاو کەرەستەکانی، بەڵام لەو ماوە مێژوییەدا (1991-2003) گەشبینی و خستنە بەر خوێندنی منداڵەکان لە لایەن باوانیانەوە بە ئاشکرا دیارە، ئەمەش لە قەرەباڵغی ناوەندەکاندا دەبینرا، کردنەوەی هەردو پەیمانگای مامۆستایان و دواتریش هونەرە جوانەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینوە لە بوژانەوەی ژیانی پەروەردەیی لە شارەکە و دواجاریش ناوچەکەش، لەوێوە بوژانەوەی هونەری و ڕۆشنبیریش لە هەمو بوارەکاندا یەکێک بو لە لێکەوتەکانی بەردەوامی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن لە ڕانیە، چونکە پرۆسەی پەروەردە هاوتەریبە لەگەڵ هەوڵی بە ڕۆشنگەریکردن و بەرچاوڕونکردنی خەڵکەکە و جیا نابێتەوە لە یەک، ئەمەش لە دروستکردنی نەوەی هۆشیار و ئامادەکردنی مرۆڤی ئەم ناوچەیەدا دەبینرایەوە بۆ ژیانکردن و ئامادەبون بۆ ژیان و بەرهەمهێنانی نەوەیەک هونەر و ئاوەزی خۆش بێت.

**دەرئەنجام**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

- سەرەتاکانی دوای ڕاپەڕین بۆ دۆخی پەروەردە لە ڕانیە دۆخێکی پڕ لە کەند و کۆسپ بو، نەبونی کەرەستەکان و هۆکارەکانی بەسەر پێوە خستنەوەی ئەم سێکتەرە لە شارەکە کەموکوڕییەکی گەورەی پێوە دیار بو.شەڕی ناوخۆ و گرانی دۆخی پەروەردەیی نشوست پێ هێنابو، واتە سەرچاوەی وێرانبونی ئەو سێکتەرە و سێکتەرەکانی تریش بو.
- تا ئەو ماوە مێژوییەش هەوڵە مرۆییەکان بۆ بەردەوامی پەروەردە لە ڕانیە بە شەوقەوە کاری تێدا کراوە لە لایەن مامۆستا و خوێندکاران و دەزگاکانی تایبەت بەم بوارە بە هەمو کەموکوڕییەکانییەوە.
- بڕیاری 986 ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە هەر لە دروستکردنی بینای تازەی قوتابخانەکان و تازەکردنەوەی ئەو قوتابخانانەی کە لە ڕۆژگاری بەعس دروست کراون و لە دوای ڕاپەڕین هیلاکیەتێکی گەورەی پێوە دیار بوە.
- ڕۆڵی ڕێکخراوە بیانییەکان لە سەرەتاکانی دوای ڕاپەڕین زۆر بەرچاوە، ئەمەش لە ڕێگەی دابەشکردنی کورسی و مێز و تەختەڕەش و تەباشیر و پێدانی خواردن بە خوێندکارەکانی قۆناغی سەرەتایی و کردنەوەی خولەکان بۆ بەهێزکردنی توانای پیشەیی مامۆستایان و پێدانی یارمەتی هەمەجۆر بەم توێژە.

-دۆخی قوتابی لە گەرمەی نەداری و شەڕی ناوخۆیی و نائارامی دەروونی و کۆمەڵایەتیدا دۆخێکی تەواو نائاسایی بوە لەو ماوەیەدا، بەڵام مامۆستا بەهەمو لە خۆبوردوییەکانییەوە لە ناجێگیری ئابوری و دەرونیدا پیشەکەی ئیدارە داوە.

## لیستی سەرچاوەکان:


ئازاد، باوکی، (٢٠١٠/٧/١٥)، مامۆستا هیوا مستەفا عەزیز- لێپرسراوی چالاکی هونەری پەروەردەی ڕانیە، ڕۆژنامەی ئامانج، ژمارە(٩٨).

ئالانی، عەزیز، (٢٠٠١/١٠/٦)، سەرنجێک لەسەر لێدانی قوتابی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٥٧٦).

ئاڵای ئازادی، (٢٠٠٢/١١/٤)، بەسەرکردنەوەی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە (٤٨٩).

ئەکرەم، شادمان، (کانونی یەکەمی٢٠٠٣)، ئاهەنگی دەرچونی پەیمانگای مامۆستایانی ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە(٦).

ئەمین، ڕەسول،(١٩٥٨)، ڕەوشی خوێندن و فێرکردن لە ناوچەی پشدەر (١٩٥٨-١٩٨٩) لێکۆڵنەوەیەکی مێژوییە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی (٩)، ژمارە(٢).

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، (١٩٩٨)، پرۆتۆکۆڵەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

ب .گ. پ. سلێمانی، ژمارە(١٤٠٧١):(١٩٩٣/١١/١٤).

ب .گ. پ. سلێمانی، ژمارە(١٥٣٨٤): (٢٠٠٠/٨/٢٢).

ب .گ. پ. سلێمانی، ژمارە(١٠٢١٣) :(١٩٩٥/٩/١٤).

ب .گ. پ. سلێمانی، ژمارە(١٧٣٩٩): (١٩٩٩/٩/١٨).

ب .گ. پ. سلێمانی، ژمارە(٤٢١٦): (٢٠٠١/١١/٢٧).

ب .گ. پ. سلێمانی، ژمارە(٩٨٣٧): (١٩٩٧/٦/١٧).

ب.پ.سلێمانی، ژمارە (٣١٦١):(١٩٩٨/٢/٢٢).

ب.پ.سلێمانی، ژمارە (٣٩٧٠): (١٩٩٨/٣/٥).

باقی، عەبدولی حەمە، **(٢٠٠٣/١٠/٨)**، لەپەراوێزی کەمی کتێب لە خوێندنگاکاندا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٣١٩١).

بالیسانی، ئیبراهیم، (١٩٩٩/١١/١١)، لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیەدا، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٥٦).

بالیسانی، ئیبراهیم، (٢٠٠٢/١٠/٢)، ئاهەنگی خولی شەشەمی دەرچونی خوێندکارانی پەیمانگای مامۆستا مەڵبەندی ڕانیە بەڕێوەچو، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٨٧٧).

بالیسانی، ئیبراهیم، (٢٠٢١/١١/٢١)، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی ڕانیە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٦١٦).

بالیسانی، ئیبراهیم، (٢٠٠١/١٢/٣١)، پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیە هیوایەکە بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی دوارۆژ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٦٤٧).

بالیسانی، ئیبراهیم، (٢٠٠٣/٢/٨)، ئەو مامۆستایەی دوای بڕینی قۆناغەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و وەرگرتنی بڕوانامەی دبلۆم، بەنیازی بە کالۆریۆس و ماستەرە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٩٨٤).

پ. دوکان، (١٩٩٩/٥/٢٤)، چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لە ناوچەکانی (دوکان، ڕانیە، قەڵادزێ، چوارقورنە) بە بڕی 556000 دۆلار تەواو کرا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٨٦٦).

پەیمانگا، (ئازاری ٢٠٠٢)، بۆ.....؟، بڵاوکراوەی پەیمانگا، ژمارە(سفر).

پەیوەندییە گشتییەکانی ئەنجومەنی وەزیران، (٢٠٠١/٥/٢١)، لە پەراوێزی سەردانەکەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕانیە، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٤٠٦).

تەنیا، دلێر، (٢٠٠٢/٦/١٧)، کاریگەری کۆچ لەسەر خوێندن، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە (٤٦٩).

جەزا، دالیا، (٢٠٠٢/٨/٣١)، هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەسەر ئەرک و بودجەی حکومەتی هەرێم جێبەجێ دەکرێت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٨٤٨).

چاوشین، محمد، (٢٠٠٠/١/14)، کردنەوەی خولی بەهێزکردنی مامۆستایان و چەند سەرنجێک، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە (٤٨٧).

حاجی، عمر، (١٩٩٧/٢/١٩)، مامۆستا بە ڕەسمی زەکاتی پێ درا، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە (٢٣٩).

حکومەتی هەرێمی کوردستان: وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە، بەشی کارگێری، (٢٠٢٤/٩/١٢).
حەسەن، غازی، (٢٠٠٨)، خوێندەواری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
حەمە، هانا عەلی(تشرینی دوەمی٢٠١٦)، ڕانیە١٩٥٨-١٩٩١توێژینەوەیەکی مێژوییە لە بارودۆخی(سیاسی، کارگێری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئابوری)، (نامەی ماستەر-بڵاونەکراوە)،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین.
خالید، بەرهەم، (٢٠٠٣/٨/٢٠)، لە یەکتر نزیک بونەوەی پەیمانگا مەڵبەندییەکانی مامۆستایانی کوردستان،کوردستانی نوێ، ژ.(٣١٤٩).
خضر، عبدﷲ، (١٩٩٨/١/٢)، دەربارەی لێدان لە قوتابخانەکان، ڕۆژنامەی یەکگرتو، ژمارە (١٧٠).
دوکانی، عەبدولواحید، (زستانی2002)، هەواڵ و چالاکییەکان، گۆڤاری شارەوانی ڕانیە، ژمارە(٢).
دوکانی، عەبدولواحید، (٢٠٠٣/٥/١٢)، ژوانی گوڵ و پەپولە لە بەهاری ئازادیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٣٠٦٣) .
دوکانی، عەبدولواحید، (19 / ١٠/2003)، بە مەبەستی دابین کردنی بینایەکی تایبەت بۆ خۆیان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٢٠٠).
دوکانی، عەبدولواحید، (٢٠٠١/٦/٢٥)، بەڕێوەبەریەتی گشتی پەروەردەی ڕانیە کرایەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٢٤٨٨).
دوکانی، عەبدولواحید، (4/3/ 2002)،کردنەوەی قوتابخانەیەک لە ڕانیە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٢٧٢٠).
ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، (2003/12/9)، بارەگای کۆمەڵی ئیسلامی تەسلیم بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ڕانیە کرایەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٢٤٣).
ڕاگەیاندنی قایمقامیەت، (نیسانی٢٠٠٠)، ڕۆژ ژمێری قائیمقامیەت، ژمارە (٥).
ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی قەزای ڕانیە، (2000/2/9)، چەند پڕۆژەیەک لە ڕانیە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٢٧٢).
ڕاگەیاندنی قائیمقامیەت، (٢٠٠٠/١/١٧)، هەوڵ و چالاکییەکان، بەشێک لە کار و پرۆژەکانی قایمقامییەتی قەزای ڕانیە، (ب.ژ).
ڕاگەیاندنی لقی ڕاپەڕین، (٢٠٠٢/٩/١١)، بەڕێوەبەریەتی گشتی پەروەردەی ڕانیە تەمەنیکی کەم و خزمەتێکی مەزن، ڕۆژنامەی ئامانج، ژمارە (٩).
ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئیشغال و ئاوەدانکردنەوە، (٢٠٠١/١٢/٤)، خوێندنگەیەکی نمونەیی لە ڕانیە دروست دەکرێت، کوردستانی نوێ، ژ٢٦٢٧
ڕاگەیاندنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، (2000/11/28)، ڕانیە گەڕەکێک (ناوی مامۆستایان)ی لێنرا، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٣١٥).
ڕاوچی، سەردار، (1997/11/15)، بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیە، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٥٩).
ڕێبازی ئازادی، (٢٠٠٣/١٢/٢)، ڕانیە مامۆستایەک پشتی قوتابییەک دەشکێنێ، ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی، ژمارە (٢٠٥).
ڕێگای کوردستان، (١٩٩٧/١٢/١٠)، سەبارەت بە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە لە ڕانیە بەڕێز بەڕێوەبەری پەروەردە بۆ هەفتەنامەکەمان دەدوێ، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە (٢٨٠).
ڕەش، ئومێد کاکە، (٢٠٠٣/٨/٢)، لە ڕوانگەی نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە بەرەو ئاسۆیەکی پرشنگدار، کوردستانی نوێ، ژمارە (٣١٣٣).
ڕەنجاو، محەمد، (1999/4/11)، لە بناری کێوەڕەشدا، کوردستانی نوێ ڕانیەی بەسەر کردەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٨٣٥).
زرار، مامۆستا،(کانونی یەکەم، ١٩٩٦)، ڕەنگدانەوەی شەڕی خۆ بە خۆیی لە پرۆسەی پەروەردەدا،گۆڤاری پەیامی مامۆستا، ژمارە (٥).
زەیدی، موفید، (٢٠١٥)، سەردەمی عوسمانییەکان(١٥١٦ز-١٩١٦)، و:بەختیار عەزیز، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
سارمەمی، تاریق، (2002/7/29)، نەهێشتنی نەخوێندەواری... زامنی دوا ڕۆژێکی نوێیە بۆ نەوەکانی داهاتومان، کوردستانی نوێ، ژ.(٢٨٢٠).
سالح، لەشکر، (1998/8/6)، شاری ڕانیە لە نێوان زۆری دانیشتوان و کەمی خزمەتگوزارییەکاندا، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٩٤).
ساڵنامەی حکومەت (٢٠٠١)، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
ساڵنامەی حکومەت (٢٠٠٢)، چاپخانەی ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی.
ساڵنامەی حکومەت (٢٠٠٣)، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
ساڵنامەی سلێمانی (١٩٩٩)، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.
سەپان، ئەحمەد، (2000/2/27)، پێشنیارێک بۆ پەروەردەی ڕانیە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٠٨٤).
سەلام، سەباح، (2001/2/24)، دروستکردنی خوێندنگەیەکی نمونەیی، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣٥١) .
سەلام، سەباح، (٢٠٠١/٤/٨)، بەشی ناوخۆیی خوێنکاران جێبەجێ کرا، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٢٧٦).

شکۆمەند، (١٢/٢٢/ ٢٠٠٤)، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی ڕانیە، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە (٥٨١).
شمشارە، (مانگی سێی ٢٠٠٦)، کورتە مێژویەکی بواری ڕۆژنامەوانی لە شاری ڕانیە، گۆڤاری شمشارە، ژمارە (٢٦).
عبدالخالق، دلێر، کانونی یەکەمی2003، خوێندنگەی ئامادەیی ڕانیەی ئێواران، لە بەسەرکردنەوەیەکدا، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (٦).
عەبدلواحید، (١/٢/٦ ٢٠٠)، ڕانیە پرۆژەی بەشی ناوخۆیی خوێندکاران دەستپێکرد، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٣٧٢).
عەبدوڵلا، چنار، (٢٠١٠)، پەروەردە و نەتەوایەتی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
عەبدولواحید، دارا، (٢٠٠١/٨/٢٦)، دروست کردن و نوێکردنەوەی دو خوێندنگە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٢٥٤١).
عەبدولواحید، هەڵۆ، (2002/4/23)، ڕانیە، نوێکردنەوەی خوێندنگای بیتوێنی سەرەتایی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٢٧٣٧).
عەزیز، نیازی حەمە، هاوینی٢٠٢٥، مێژوی پەروەردەو فێرکردن لە ڕانیە، گۆڤاری میتانیا، ژمارە(٤).
عەلی، بەهرۆز، (٢٠٠١/٢/١١)، پەروەردەی ڕانیە پلەکەی کرایە بەڕێوەبەریەتی گشتی، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٢٤٢).
عەلی، بەهرۆز، (1999/12/6)، گەشەکردنی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن لە هەرێمدا، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٦٢).
عەلی، کارگەر، (٢٠٠١/١١/٢٦)، وەزارەتی پەروەردە بڕیاری قەدەغەکردنی لێدان دەدات، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە (٤٤٢).
عەلی، ئەسعەد حەمە، ١٩٩٧، دوای کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە گرفتی کەمی بینا و کەمی پێداویستی خوێندن
قەرەداغی، فوئاد، (١٩٩٩)، بابەتەکانی پەروەردەی نوێ، سلێمانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری کۆمەکی لە چاپدانی کردوە، سلێمانی.
قەڵادزەیی، سوارە، (٢٠٠٥)، ڕاپەڕین و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
کوردستانی نوێ، (2000/4/10)، مامۆستایانی سنوری پەروەردەی ڕانیە، پەروەردەی ڕانیە چی لە(٢) دینارەکە دەکات، ژمارە (٢١١٦).
کوردستانی نوێ، (٢٠٠٣/١/١١)، لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی باڵای نەهێشتنی نەخوێندەواریدا چەند بڕیارێک درا، ژمارە (٢٩٦٠).
کوردستانی نوێ، (١٩٩٨/١٢/١٣)، بەڕێوبەری پەروەردەی ڕانیە ئەمساڵ ١٠٣ مامۆستا لە ناوچەکە دامەزراون ٣٠ خوێندنگە لە گوندە دورەکان کراونەتەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١١٦).
کوردستانی نوێ، (1998/6/24)، بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٦٤١).
کوردستانی نوێ، (2001/7/28)، وەزارەتی پەروەردە چەند خولێکی ڕاهێنان دەکاتەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٥١٦).
گۆڤاری ڕانیە، (ئابی٢٠٠٣) پێشانگای ساڵانەی قوتابخانە و خوێندنگاکان لە ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (٥).
لێدوان، (کانونی دوەم٢٠٠٩)، قوتابخانەی ماکۆک چوار دەوامی تێدا دەکرێت، ڕۆژنامەی لێدوان، ژمارە (٢٨).
لە پەیامنێرمانەوە، (1998/11/25)، ڕانیە کردنەو چاککردنەوەی چەند خوێندنگەیەک، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٧٤٩).
محمد، ئارام، (٢٠٠٣/١٠/٧)، ئاهەنگی دەرچوانی پەیمانگاکانی مامۆستایان بەڕێوە چوە، ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی، ژمارە (٢٩٩).
محەمد، دارێژ وریا(٢٠١٩)، ڕانیە توێژنەوەیەکی مرۆڤناسی، (نامەی ماستەر-بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
محەمەد، نەجم، (٢٠٠١/١٥/١٢)، کاریگەری کۆچ لەسەر خوێندن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٢٦٣٦).
مستەفا. ئەحمەد، (2001/5/13)، تازەکردنەوەی ناوەندی ڕانیە بە بڕی (٩٦)هەزار دۆلار، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٤٠٤).
مستەفا، ئەحمەد، (2000/4/27)، کردنەوەی خوێندنگایەکی 12 پۆلی، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٢٠٠).
مستەفا، ئەحمەد، (کانونی دوەمی2006)، ناساندنی مەڵبەندەکاری پەروەردە و فێرکردن لە ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (١٨).
مستەفا، ئەحمەد، (ئەیلولی2006)، ناساندنی مەڵبەندەکانی پەروەردە و فێرکردن لە دەروازەی ڕانیەدا، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (٧).
مەحمود، بەکر، (٢٠٠١/٤/٢٣)، پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیە، لە نێوان خواستن و داهێناندا، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٤٣٤).
مەم، (١٩٩٨/١٠/٨)، زیادکردنی دەرماڵەی مامۆستایان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٧١٥).
نوار، عبدالعزیز سلێمان، (٢٠١٢)، مێژوی نوێی عێراق لە کۆتایی حوکمی داودپاشاوە تا کۆتایی حوکمی مەدحەت پاشا، چ شڤان، سلێمانی.
نورەدینی، عەلی، (2002/1/11)، خولەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان و کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی پەروەردە، ڕۆژنامەی یەکگرتو، ژ.(371).
هاووڵاتی، (٢٠٠٢/٩/٣٠)، بڕیاری (٩٨٦) لەسەر پشتی کیسەڵ دەڕوات، ڕۆژنامەی هاووڵاتی، ژمارە (٩٢).
هورمزیار، مەغدید، (١٩٩٩/١٢/١٧)، مامۆستا و بڕیاری ٩٨٦، ڕۆژنامەی یەکگرتو، ژمارە (٢٦٨).
هەرێمی کوردستان، (١٩٩٩/١٠/١٦)، کتێبی سەرەتایی و ئامادەیی لە بازاردا زۆرە، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٥٢).
هەرێمی کوردستان، (٢٠٠١/٤/١٨)، وەزارەتی پەروەردە هەڵمەتێکی فراوان بۆ قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری ئەنجام دەدات، ڕۆژنامە، ژ(٢٨٤)

هەرێمی کوردستان، (1997/4/2)، وەزیری پەروەردە، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٢٧).
هەڵوێست، (٢٠٠٢/١١/١٧)، ڕیپۆرتاژێک لە بەشی ناوخۆیی خوێندکاران لە ڕانیە، ڕۆژنامەی ڕایەڵ، ژمارە (٣).
(عبدالقادر، نوری احمد، عبدالنافع، ضافر)، (٢٠٠٩)، التربیە والتعلیم فی الموصل فی عهد العثمانی، مجله ابحاث کلیه تربیه اساسیه، جامعه الموصل، عدد(٩).
عیدان، حسین محمد، (٢٠١٥)، الخدمات التعلیمییه فی(مدینه رانیه)محافضه السلیمانیه-العراق(دراسه جغرافیه)، رساله ماجستیر(غیر منشوره)، جامعه المنصوره، مصر.
عەزیز، عمر ئیبراهیم، (٢٠٠٨)، تطور التعلیم اقلیم کردستان العراق، گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژ.(٨).
گەردی، فاطمە، (٢٠١٧)، واقع خدمات التعلیم العام والاحتیاجات المستقبلییە فی قضا رانیه بمحافضه السلیمانییه، مجله کرمیان، عدد(٤).
ناجی، سحر احمد، (٢٠١٩)، التعلیم الحکومی والاجنبی فی العراق خلال العهد العثمانی، مجله جامعه بغداد، عدد(٦).
حاجی، فەرهاد ڕەسوڵ(چاوپێکەوتن)، (٢٠٢٤/١٢/٢٦)، ڕانیە.
عەبدولقادر، امیر احمد(چاوپێکەوتن)، (2025/1/4)، ڕانیە.
عەبدوڵڵا، سابر قادر مەمەند(چاوپێکەوتن)، (٢٠٢٤/١٠/٨)، ڕانیە.
عەلی، خەلیل(چاوپێکەوتن)، (2024/9/16)، ڕانیە.
عەلی، ڕەسوڵ محمد(چاوپێکەوتن)، (2025/١٢/١٧)، ڕانیە.
عەلی، محمد عەلی(چاوپێکەوتن)، (٢٠٢٥/١/٩)، ڕانیە.
قادر، ئەحمەد ڕەسول دەروێش(چاوپێکەوتن)، (٢٠٢٤/٩/٢٥)، ڕانیە.
کەریم، ئیبراهیم حەوێز(چاوپێکەوتن)، (2024/٩/16)ڕانیە.
مصطفی، هالە حسێن(چاوپێکەوتن)، (25/ 2024/12)، ڕانیە.
نەجیب، شۆڕش عەزیز(چاوپێکەوتن)، (2024/١٢/١٥)، ڕانیە.
ئیبراهیم، ڕێزان اسماعیل(چاوپێکەوتن)، (٢٠٢٤/١١/٣)، ڕانیە.
ئەمین، ئیلهام سەعید محمد(چاوپێکەوتن)، (2024/12/16)، ڕانیە.